دێموكراسی بۆ ئێران — خودموختاری بۆ كوردستان

# كوردستان

ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

٣٠ی ڕەزبەری ١٣٨١ | ٢٢ی ئۆكتۆبری ٢٠٠٢ | ژمارە ٣٥١ | ١٥٠ تمەن

## گیانی چەندین تێكۆشەری بەندكراوی دیكەی كورد لە ئێران لە مەترسی‌دایە!

دوای ئێعدامی چوار تێكۆشەری كورد بە ناوەكانی هەمزە قادری، خالید شەوقی، جەلیل زێوەیی‌و ساڵح گودەرزی لە نیوەی دووهەمی ڕەزبەری ئەم‌ساڵدا، چەندین زیندانیی سیاسیی دیكەی كورد لەگەڵ مەترسیی ئێعدام لە لایەن كۆماری ئیسلامی‌یەوە بەرەوروون. سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە وتووێژ لەگەڵ "رادیۆ دەنگی ئێران"و لە چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرپرسانی كۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ژنێڤدا، پەردەی لە سەر نیازی چەپەڵی دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی لە بارەی ئێعدامی ژمارەیەكی دیكە لە تێكۆشەرانی بەندكراوی كورد لاداو داوای لە كۆڕو كۆمەڵو ناوەندەكانی لایەنگری مافی مرۆڤ كرد لەو پێوەندی‌یەدا هەنگاوی بەپەلە هەڵ بگرن. هەر لەم ژمارەیەی "كوردستان"دا وتووێژی هاوڕێی تێكۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەگەڵ "رادیو صدای ایران"و راپۆرتی چاوپێكەوتنی بەڕێزیان لەگەڵ بەرپرسانی كۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ژنێڤ بە ئاگاداریتان دەگا.

# كۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە ئیعدامی تێكۆشەرانی كوردستان خەڵكی كورد چاوترسێن بكا

## ڕاگەیەندراوەكانی دەفتەری سیاسی

## لە پێوەندی لەگەڵ ئێعدامی دوو ئەندامی حیزب هەمزە قادری‌و ساڵحی گوودەرزی‌دا

هاونیشتمانە بەڕێزەكان!

كۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵكی كوردستان!

بە داخێكی گرانەوە رادەگەیەنین كە بەرەبەری بەیانیی ڕۆژی دووشەممۆ ڕێكەوتی ١٥ی ڕەزبەری ١٣٨١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٧ی ئۆكتۆبری ٢٠٠٢ی زایینی، كاك هەمزە قادری خەڵكی سەردەشت و ئەندامی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران كە ماوەی ٥ ساڵ بوو لە زیندانەكانی ڕێژیم دا بەند كرابوو، بە هۆی بەكرێگیراوانی ڕێژیمەوە لە دار دراوە.

ڕۆژی سێ‌شەممۆ ١٦ی ڕەزبەر تەرمی هەمزە بە مەرجێك تەحویلی بنەماڵەكەی لە سەردەشت درایەوە كە هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە بە پەلەو بە بێ بەڕێوەبردنی هیچ ڕێوڕەسمێك بە خاك بسپێردرێ، ئەوەش لە حاڵێك دا بوو كە هێزەكانی ڕێژیم شاری سەردەشتیان بە تەواوی خستبووە ژێر كۆنترۆڵ و چاوەدێریی خۆیان و لە ترسی بەرزبوونەوەی دەنگی رەخنەو ئیعترازی خەڵك بەم جینایەتە، جۆرێك حكوومەت نیزامییان راگەیاندبوو.

لەو پێوەندی‌یەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران وێڕای مەحكووم كردنی ئەو جینایەتە تازەیەی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران، پەژارەی خۆی بۆ لە دەست دانی كاك هەمزە قادری دەردەبڕێ‌و سەرەخۆشیی خۆی پێشكێشی بنەماڵەی بەڕێزی ئەو شەهیدەو هەموو خزم و كەس‌و كارو دۆست‌و ئاشنایانی دەكا. هەر لەو كاتەش دا داوا لە كۆڕو كۆمەڵە بەشەردۆستەكان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەكا كە وێڕای مەحكووم كردنی ئەو جینایەتە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی گیانیی ئەو بەشە لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەكان كە حوكمی ئیعدامیان بەسەر دا سەپاوە یان حوكمی ئیعدامیان سەر لە نوێ تەئیید كراوەتەوەو مەترسیی لەدەستدانی گیانیان لە پەنا خۆیان هەست پێ دەكەن‌و هەڕەشەی مەرگیان لەسەرە بە هەر ڕێگایەكی مومكین دا، تێبكۆشن‌و ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران بخەنە ژێر فشار بۆ ئەوەی دەست لە كوشتاری زیندانی‌یە سیاسی‌یەكان هەڵبگرێ.

هیواداریین هەوڵو كۆششی خێرخوازانەی هەموو لایەك و هەموو كۆڕو كۆمەڵە بەشەردۆستەكان چی دیكە ڕێگا نەدا كە ڕێژیمی دژی ئینسانیی كۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە بە كوشتاری رۆڵە ئازادیخوازو نیشتمانپەروەرەكانی كوردو ئێرانی بدا، بە تایبەت لەو هەلومەرجەدا كە زۆر نیشانە دەری دەخەن كە ژمارەیەكی دیكەش لە رۆڵە بەندكراوەكانی گەلی كورد، مەترسیی ئیعدام هەڕەشە لە گیانیان دەكا.

سڵاو لە گیانی پاكە شەهید هەمزە قادری و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**

**١٣٨١/٧/١٧   ٢٠٠٢/١٠/٩**

---

هاونیشتمانە بەڕێزەكان!

كۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵكی كوردستان!

كۆڕو كۆمەڵە بەشەردۆستەكان!

بە دوای دوو راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی لە ڕۆژەكانی ١٧و ١٩ی ڕەزبەری ١٣٨١ی هەتاوی‌و لە پێوەندی لەگەڵ ئێعدامی سێ تێكۆشەری گەلو ئەندامی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا، ئاگادار كراین كە بەداخەوە رۆڵەیەكی تێكۆشەری دیكەی گەلو ئەندامێكی دڵسۆزی دیكەی حیزبەكەمان كاك ساڵحی گوودەرزی تەمەن ٣٩ ساڵەش، بەرەبەیانی ڕۆژی ٢١ی ڕەزبەر لە شاری سنەو لە لایەن ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئێعدام كراوە.

شەهید ساڵحی گوودەرزی خەڵكی ئاوایی مێسووراوی ناوچەی كامیاران بوو كە لە سەرەتای هاتنە سەركاری ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی لە ئێراندا هاتە ریزی تێكۆشەرانی حیزب، پاش پێنج ساڵ كارو بەڕێوەبردنی دڵسۆزانەی ئەركەكانی لە ریزی تێكۆشەرانی دێمۆكراتدا بە هۆی گیروگرفتی بنەماڵەیی ناچار بە وەلانانی كاری تەواو وەخت لە حیزبدا بووو گەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی، بەڵام لە لایەن ڕێژیمەوە گیراو بۆ ماوەی یەك ساڵ بە توندی ئەشكەنجە دراو پاش ئازادبوونیشی هەروا بە توندی لە ژێر چاوەدێریی مەئموورانی ئیتیلاعات‌و هێزە پۆلیسی‌یەكانی دیكەی ڕێژیم دابوو، تا سەر ئەنجام لە پاییزی ساڵی ١٣٧٨دا لە كامیاران‌و لە كاتی كار كردن‌دا سەر لە نوێ دەستگیرو رەوانەی زیندان كرایەوەو پاش ناردنەوەی بۆ زیندانی سنە حوكمی ئێعدامی بەسەردا سەپاو سەرئەنجام ڕۆژی ٢١ی ڕەزبەری ئەمساڵ حوكمی بەسەردا سەپاوی لەسەر بەڕێوە چوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران وێڕای مەحكووم كردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیم، داخ‌و پەژارەی خۆی بۆ لە دەست چوونی ئەم رۆڵە دڵسوزە دەردەبڕێ‌و پرسەو سەرەخۆشیی خۆی پێشكەش بە بنەماڵەی بەڕێزی ئەو شەهیدەو هەموو دۆست‌و ئاشنایان‌و سەرجەم خەڵكی كامیاران‌و گەلی كورد بە گشتی دەكا. هەر لەو كاتەدا جارێكی دیكە داوا لە كۆڕو كۆمەڵە بەشەردۆستەكان‌و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەكا كە بە دەربڕینی دەنگی ئیعترازی خۆیان بەرانبەر بەم جینایەتانەی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە لە درێژەدان بە ئێعدامی تێكۆشەرە ئازادیخوازەكانی گەلی كورد بگێڕنەوە.

سڵاو لە گیانی پاكی شەهید ساڵحی گوودەرزی‌و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**

**١٣٨١/٧/٢٢   ٢٠٠٢/١٠/١٤**

**دوو ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ئیعدامی هاوڕێیان جەلیل زێوەیی‌و خالید شەوقی لە لاپەڕە ٢ی هەر ئەم ژمارەیەدا هەیە.**

## ڕێوڕەسمێك بۆ یادكردنەوەی چوار شەهیدی ئەم دوایانەی حیزب



هەمزە قادری



خالید شەوقی

لە پێوەندی لەگەڵ ئێعدامی چوار تێكۆشەری حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بەدەست ڕێژیمی ئینسانكوژی كۆماری ئیسلامی، شەهیدان: هەمزە قادری، جەلیل زێوەیی، خالید شەوقی‌و ساڵح گوودەرزی كاتژمێر ١٢ی ڕۆژی چوارشەممە ١٣٨١/٧/٢٤ ڕێوڕەسمێكی ڕێزگرتن‌و یادكردنەوە لەو رۆڵە گیانبەختكردووانە لە یەكێك لە سالۆنەكانی بنكەی دفتەری سیاسی بە ئامادە بوونی ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، كومیتەی ناوەندی‌و ژمارەیەكی بەرچاو لە كادرو پێشمەرگەكانی حیزب‌و ئەندامانی بەڕێزی بنەماڵەكانیان، بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا هاوڕێی بەڕێز مستەفا هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی كۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی لەسەر ڕابردووو تێكۆشانی ئەو چوار شەهیدە قسەی كردو لە درێژەی قسەكانی‌دا بەوردی لە پێوەندی لەگەڵ مەبەستی ڕێژیم لە ئەنجامدانی ئەو جینایەتانەو وەزعی نێوخۆی ئێران بۆ بەشدارانی ڕێوڕەسمەكە دوا.

## هەیئەتێكی ئورووپایی سەردانی بنكەی دەفتەری سیاسیی حیزبی كرد





كاتژمێر ٣/٣٠ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٣٨١/٧/٢٧ی هەتاوی هەیئەتێكی ئورووپایی پێكهاتوو لە بەڕێزان مۆسیۆ مۆنتێسكیۆ (Montesquiu) سەناتۆری فەرانسەیی ئەندامی پارلمانی ئورووپا و سەرۆكی كاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانی فەرانسەو نیودیك (Neudeck) بەرپرسی بنیاتی ئاڵمانیی "كاپ ئانامۆر"و سیمۆن بۆیس (Simon Boys) لە دامەزراوی ئەمریكایی "ناسیۆناڵ ژێئۆگرافی" بە هاوڕێیەتی چەند كەسایەتیی كوردی دانیشتووی ئاڵمان‌و هولەند، بەڕێزان كاك عەلی قازی‌و كاك سەروەت جاف‌و هەروەها ڕەزا دیققەتی وێنەگرو نووسەری ئێرانیی دانیشتووی پاریس‌و كاك كامەران لە ئەنستیتۆی كورد لە پاریس، سەردانی بنكەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانیان كردو لە لایەن هەیئەتێكی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب پێكهاتوو لە بەڕێزان كاك مستەفا هیجری، كاك حەسەن ڕەستگار، كاك حەسەن شەرەفی ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و كاك فەتتاح كاویان‌و كاك عومەر باڵەكی ئەندامانی كومیتەی ناوەندی‌و كاك محەممەد كەسرایی ئەندامی جێگری كومیتەی ناوەندی‌یەوە بەگەرمی پێشوازییان لێ كرا.

دوو هەیئەت لە دانیشتنێكی ٣ سەعاتەدا كۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە ناوچەو كوردیان خستە بەر باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر كرد.

كاتژمێر ٦/٣٠ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ، پاش كۆتایی دیدارەكە هەیئەتی میوان لەلایەن هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبەوە بەڕێ كرا.

## پەیامێك لە سكرتێری گشتیی حیزبەوە بۆ سكرتێری گشتیی حیزبی سوسیال دێموكراتی ئەڵمان

ڕۆژی ٢٠ ئۆكتۆبری ٢٠٠٢، كۆنگرەی تایبەتی SPD، "ئۆلاف شولتس"ی بە سكرتێری گشتیی ئەو حیزبە هەڵبژارد. بەو بۆنەیەوە سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران پەیامێكی پیرۆزبایی بۆ نارد كە ئەمە دەقەكەیەتی:

زۆر بەڕێز ئۆلاف شولتس!

كونگرەی تایبەتیی SPD ڕۆژی ٢٠ی ئۆكتۆبری ٢٠٠٢ بە زۆربەی هەرە زۆری دەنگەوە ئێوەی بە سكرتێری گشتیی حیزب هەڵبژارد.

بەو بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێ‌دەكەم‌و سەركەوتنتان بە ئاوات دەخوازم.

دڵنیام دۆستایەتی‌و پێوەندیی لەمێژینەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران‌و S PD لە داهاتووش لە سەردەمی بەرپرسایەتیی جەنابت وەك سكرتێری گشتی‌دا بەردەوام‌و پتەوتر دەبێ.

لەگەڵ سڵاوی دۆستانەو بە هیوای هاوكاریی نێزیكتر.

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**
**سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**

## لەم ژمارەیەدا

وتەكانی بەڕێز كۆنی فریدریكسۆن لە ڕێوڕەسمی ١٠ ساڵەی دوكتور شەرەفكەندی‌دا ٣

بانگەوازێك بۆ كۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ٤

دەنگدانەوەو كاردانەوەی هەواڵی ئێعدامی چوار تێكۆشەری دێمۆكرات ٥

كۆماری ئیسلامی لەوە زەبوونترە كە بتوانێ چیای ورەی حیزب‌و گەلەكەی بڕووخێنێ ٩

ئایا گیانی ئینسانەكان ئەوەندە بێ‌نرخە كە بكەوێتە بەر سات‌و سەودا؟ ٩

بزووتنەوەی خوێندكاری، بزووتنەوەیەكی ئامانجخوازو دێمۆكرات ١٠

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ئێعدامی دوو تێکۆشەری دیکەی گەلەکەمانەوە

**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!**
**کۆمەڵانی بەشەرەفی گەلی کورد!**
**کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ!**

بەدوای ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ئێعدامی هەمزە قادری، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ۱۵ی ڕەزبەر لە بەندیخانەی ورمێدا ئاگادار بووین کە دوو کەسی دیکە لە ئەندامانی حیزب بە ناوەکانی خالید شەوقی ٥٠ ساڵەو خێزاندار خەڵکی یەکێك لە ئاوایی‌یەکانی گەلیی قاسملوو سەر بە ناوچەی ورمێو، جەلیل زێوەیی خەڵکی سەردەشت بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانداو خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ئینسانی‌یەکانی گەلی کورد، ئێعدام کران.

بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بنەماڵەکانی ئەو شەهیدانەیان ناچار کرد کە جەنازەکانیان لە نیوەشەوداو بە دوور لە بەشداریی خەڵك بە خاك بسپێرن‌و لە کۆبوونەوەی خەڵك بە مەبەستی ناشتن‌و بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی، پێشگیری بکەن.

شەهید خالید لەسەرەتای هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامی‌یەوە هاتبووە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات‌و ساڵی ۱۳٦۸ بەهۆی گیروگرفتی بنەماڵەیی وازی لە کاری تەواو وەخت لە حیزبدا هێناو بە مەبەستی پەنا بردن بۆ وڵاتێکی سێهەم چووە تورکیە، بەڵام ساڵی ۱۳۷۱ لە لایەن پولیسی ئەو وڵاتەوە گیراو تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران درایەوە. ناوبراو پاش تەحەمولی ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر، لە زینداندا حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپاو پاشان سزاکەیان پلەیەك هێنایە خوارێو بە زیندانی ئەبەد مەحکووم کرا.

شەهید جەلیل زێوەیی تەمەن ۳۰ ساڵەش ساڵی ۱۳۷٦ لە ناوچەی سەردەشت گیراو لە دادگایەکی سەرپێیی‌و فەرمایشی‌دا بە ئێعدام مەحکووم کرا.

ئێمە ویرای هاودەردی لەگەڵ بنەماڵە بەڕیزەکانی شەهیدان خالید شەوقی‌و جەلیل زیوەیی‌و هەروەها سەرەخۆشی کردن لە بنەماڵەو هاوسەنگەرانی ئەو خۆشەویستانەو هەموو خەلکی کوردستان‌و ئازادیخوازانی ئیران، ئەو جینایەتە دژی مرۆڤایەتی‌یە مەحکووم دەکەین‌و داوا لە ریکخراوەکانی پاریزەری مافی مرۆڤ‌و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان دەکەین کە لە بەرانبەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا ئیعتراز بکەن‌و ئەو حکوومەتە زاڵم‌و خوێنخۆرە بخەنە ژێر زەختی خۆیان تا چی دیکە درێژە بە ئێعدامی تێکۆشەرە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد نەدا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**۱۳۸۱/۷/۱۹**
**۲۰۰۲/۱۰/۱۱**

## هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتوویژ لەگەڵ "رادیو صدای ایران"دا:

# ڕێژیم بەو فشارو هەڕەشەو سەرکوت‌و ئێعدامانە دەیەوێ خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکا. چونکە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئیستیبدادا بەچۆکدا نەهاتوون

**ڕۆژی ۲۱ی ڕەزبەر رادیو دەنگی ئێران(رادیو صدای ایران) کە لە ئەمریکاوە بەرنامەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە، وتوویژێکی لە پێوەندی لەگەڵ تازەترین ڕووداوەکانی کوردستاندا لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێك هێنا. بۆ ئاگاداریی ئەو خوێنەرانەی ئەم وتوویژەیان نەبیستوە، چەند بەشێك وتوویژەکە لێرەدا بڵاو دەکەینەوە:**

**ڕادیۆ دەنگی ئێران: لە خەبەرەکاندا هاتبوو کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا توندوتیژی نواندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران شێوەیەکی زۆر ترسناکی بەخۆوە گرتوەو وا دێتە بەرچاو کە لە کوردستانی ئێراندا، ئەو جینایەتانە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەڕێوە دەچن. بەگشتی ئێوە ئەم بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن‌و چ پێوەندی‌یەك دەبینن لە بەینی ئەو هەلومەرجەو ئەو ڕووداوو پێشهاتانەی کە لەوانەیە لە عێراقدا ڕوو بدەن؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** وێڕای سوپاس، من لەو باوەڕەدام کە سەرکوت‌و فشار هێنان بۆ سەر توێژە جۆربەجۆرەکانی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە، سیاسەتێکی تازە نیە. ئەو نیزامە هەر لە سەرەتاوە تا بە ئەمڕۆ لە ڕێگای سەرکوت‌و فشارەوە توانیویەتی درێژە بە مانەوەی خۆی بدا، بەڵام جارو بار ڕەنگە لەبەر فشاری نێونەتەوەیی‌و یا بۆ کەم کردنەوە لە ناڕەزایەتی‌یەکانی خەڵك لە بەینی‌هێرشێکی سەرکوتکەرانە تا هێرشێکی تازەدا مەودایەکیان بە خەڵك داوە.

ئەو شتەی کە لەم دوایی‌یانەدا دەستی پێ کردوە، تەنیا تایبەت بە کوردستان نیە. لە سەرتاسەری کوردستاندا لە ژێر ناوو تۆمەتی جۆراوجۆردا خەڵك لە دار دەدەن‌و ئەشکەنجەیان دەکەن‌و لە زیندانیان دەکەن. دەمەوێ ئاگادارتان بکەمەوە کە ئەمڕۆ بەیانی پاش ئەوەی خەبەری ئێعدامی ۳ تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوەکانی هەمزە قادری، خالید شەوقی‌و جەلیل زێوەیی لە لایەن ئێمەوە بڵاو بۆوە، لە شاری سنە یەکێکی دیکە لە ئەندامانی حیزب بە ناوی ساڵح گودەرزی خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری سنەیان ئێعدام کردوەو تەرمەکەشیان داوەتەوە بە کەسوکاری.

لە لایەکی دیکەشەوە بە گوێرەی ئەو خەبەرانەی بە ئێمە گەیشتوون، ژمارەی ئەو کەسانەی ئێعدام کراون، بەداخەوە لەو ئامارانە زیاترن. بەڵام چونکە [کاربەدەستانی ڕێژیم] هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە خەڵکی لەو ڕووداوانە ئاگادار نەبن، بە زۆری تەرمەکانیان بە نهێنی دەدەنەوە بە کەسوکاریان‌و بەڵێنیان لێ وەردەگرن کە دەبێ بە شەوو دوور لە چاوی خەڵك‌و بێ ئەوەی کەس لە ڕێورەسمی ناشتنیاندا بەشدار بێ، تەرمەکان بنێژن‌و لە دوایەش‌دا پرسەو سەرخۆشییان بۆ دانەنرێ. هەر بەو هۆیەوە وەدەستخستنی خەبەری ئەو جینایەتانە کارێکی ئاسان نیە، هەواڵی ئەو جینایەتانە پێکەوەو بەدوای یەكدا ناگەن. ئەو خەبەرانەی گەیشتوون نیشان دەدەن کە ژمارەی ئێعدام کراوەکان زۆر لەوانە زیاترە. ئێمە لە لیستی زیندانیانی سیاسیی خۆماندا چەند کەسی دیکەمان هەن کە بە ئێعدام مەحکووم کراون. زۆر وێ دەچێ خەڵکێکی زیاتر ئێعدام کرابن، هەروەها لەم ڕۆژانەی دوایی‌دا حوکمی ئێعدامی هێندێك کەسی دیکەش دراون. بە بڕوای من هاوکات بوونی ئەو فشارو هێرش‌و سەرکوتانە دەتوانێ هۆی جۆراوجۆریان هەبێ. لە هەمووان گرنگتر تۆڵە کردنەوە لە خەڵکی کوردستانە، چونکە خەڵکی کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو فشارو سەرکوت‌و وێرانی‌یەی کە لەدژی ئەوان هەبووە، لەبەرامبەر ئیستبدادا بەچۆكدا نەهاتوون. کۆنەپەرستی بەهیچ شێوەیەك نەیتوانیوە لە کوردستاندا بەو جۆرەی کە دەیهەویست بەرنامەکانی خۆی بەرێتە پێشێ، خەڵك لە بەرامبەریدا ڕاوەستان‌و ئێستاش ئەو خۆڕاگری‌یە هەر درێژەی هەیە. ئێمە دەبێ لە بەرامبەر گەورەیی ڕۆحی شەهیدەکان‌و لەبەرامبەر خۆڕاگریی بنەماڵەی شەهیدان‌و زیندانی‌یە سیاسی‌یەکاندا، سەری کڕنۆش دانەوێنین. ئەمن لەو هەلە کەڵك وەردەگرم‌و لە ڕێگای ڕادیۆی ئێوەوە پەیامی سەرخۆشی‌و سڵاوو ڕێز ئاراستەی بنەماڵەو گیانی شەهیدە سەربەرزەکان‌و هەموو ئەو شەهیدانەی قوربانیی دەستی ئیستبدادن، دەکەم‌و هەروەها سڵاوو ڕێزی خۆمان پێشکێشی بنەماڵەی ئەو شەهیدانە، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی‌و لە پێش هەموانیشەوە خودی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان دەکەم.

ئێستا کە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق هەیە، من ئەو هێرشەش بەتەواوی‌و حەتمی نازانم. وێ دەچێ لەژێر فشاری بیروڕای گشتی‌دا دەوڵەتی ئەمریکا یا دەوڵەتی عێراق خواستی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەجێ بێنن‌و بە شێوەیەکی دیکە مەسەلەکە ببڕنەوە. بەڵام لە هەر حاڵدا لەشکرکێشیی ئەمریکاو ئینگلیس هەر بەردەوامەو هەموو ڕۆژیش باسی ئەوە دەکەن کە ئەم هێرشە بەو زووانە ڕوو دەدا. کۆماری ئیسلامی لەلایەك بە هەموو هێزی‌یەوە، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە هەوڵی ئەوە دایە ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەمریکا، لە لایەکی دیکەشەوە نیگەرانی وەزعییەتی خۆیەتی. هەموو دەزانین کە لە لێکدانەوەکانی ئەمریکاو لە پەیامە ڕەسمی‌یەکانی ئەو وڵاتەدا ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هاتوە. کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ خەڵکی بتۆقێنێ، چونکە پێی وایە کە خەڵك چ لە ئێران‌و چ لە شوێنەکانی دیکەدا ئەو هێرشەی ئەمریکایان پێ خۆشەو ڕەنگە تێی‌دا بەشدار بن‌و یارمەتی هێرشەکەی ئەمریکا بکەن بۆ سەر عێراق. لە حاڵێکدا من باوەڕم وانیە، من باوەڕم وایە کە هەموو ئێرانی‌یەکان بە تایبەتی خەڵکی کوردستان کە ئەمن دەتوانم زیاتر لەسەر ئەوان قسان بکەم، لەگەڵ هێرشی ئێحتمالیی هیچ وڵاتێك بۆ سەر وڵاتێکی دیکەدا نین. من بۆ خۆم وەبیرم دێ‌و هەمووش لە بیریانە، زەمانێك کە عێراق هێرشی کردە سەر ئێران، شەڕی ئێران‌و عێراق ساز بوو، لەگەڵ ئەوەش‌دا کە شەڕێکی زۆر زاڵمانە[لەلایەن ڕێژیمەوە] بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپابوو ئێمە خەریکی بەربەرەکانێ‌یەکی زۆر نابەرابەر بووین، لە نامەیەکدا ڕامان گەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی تەنیا لە پرێنسیپدا، دان بە مافی خەڵکی کوردستاندا بنێ ـ نەك ئەوە کە هەر ئەو کات تەتبیقی کردبا ـ ئێمە ئامادەین هێزەکانی پێشمەرگە بنێرینە بەرەی شەڕو شانبەشانی سەربازەکان لەدژی دەوڵەتی عێراق کە لەگەڵ ئێران لەشەڕدا بوو، ڕابوەستین، بەڵام کۆماری ئیسلامی نە تەنیا وەڵامێکی موسبەتی بەو پەیامە نەدایەوە، بەڵکوو هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ئێمە توندتر کرد. ئەمن وا بیر دەکەمەوە، چونکە ئەوانە بۆ خۆیان دەزانن کە چییان لەگەڵ خەڵکی ئێران کردوەو چ ستەمێکیان لێ کردوون‌و چ ڕەفتارێکی غەیرە ئینسانییان لەگەڵ خەڵکی ئێران کردوە، لە هەموو خەڵکی ئێران، یەك بەیەکی هاونیشتمانان بەگومانن‌و لەو ڕێگایەوە دەیانهەوێ خەڵکی بتۆقێنن کە "ئێمە ئاوا" و "ئاوەهاین"، "ئێمە هێزمان هەیە". لەحاڵێکدا ڕێژیمێك نابێ متمانە بە سەرنێزە بکا، ئەگەر خەڵك بە ئەشکەنجەو زیندان‌و ئێعدام‌و دوورخستنەوەو ،. . . چاوترسێن بووبا، نۆبە نەدەگەیشتە کۆماری ئیسلامی. چونکە بەڕاستی ڕێژیمی پاشایەتیش لە زۆر بواردا لەو ڕێژیمە کەمتر نەبوو، ئەگەرچی لەباری زەمانی‌یەوە لە پێش ئەو ڕێژیمە بوو، ۲۵ ساڵ پێش ئەو ڕێژیمە بوو، بەڵام لە زۆر شتدا زۆر زۆر پێشکەوتووتر بوو، بەڵام لەباری سەرکوت، زیندان، ئەشکەنجەو ئێعدام لەوانە کەمتر نەبوو، بەڵام خەڵك چاوترسێن نەبوون. ئێستاش لەو باوەڕەدام کە ڕێبەرایەتیی کۆماری ئیسلامی بەڕێگایەکی هەڵەدا دەڕۆن کە لە تەواوی ماوەی حکوومەتەکەیاندا زۆڵمیان لە خەڵکی ئێران کردوەو وەڵامێکیان بۆ داخوازەکانی خەڵك‌و داخوازەکانی کرێکاران، جووتیاران، کاسبکاران‌و ڕووناکبیران، ژنان، لاوان‌و چین‌و توێژەکانی دیکەی ئێران پێ نەبوو، جگە لە سەرکوت، جگە لە فشارو ئێعدام‌و ئەشکەنجەو ئازار. من پێم وایە هیچ دەسکەوتێکیان لەوە نابێ‌و لە ئاکامدا تووشی هەر ئەو چارەنووسە دەبن کە ڕێژیمی پاشایەتی تووشی بوو. ئەوانیش ناتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ، درێژە بە ژیان‌و مانەوەی خۆیان بدەن. هیوادارم ئەو ڕۆژەی خەڵك حیسابی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکلا دەکەنەوە زۆر دوور نەبێ. هیوادارم وڵاتی ئێمە هیچ کات نەکەوێتە بەر هێرشی هیچ وڵاتێکی بێگانەو وڵاتی ئێمە نەبێتە ئەفغانستانی دووهەم‌و وێران نەکرێ.

**ڕادیۆ دەنگی ئێران: مامۆستا حەسەنزادە! پێمان خۆش بوو ئەو ماوەیەی ماومانە بۆ بیروڕاو هەڵسەنگاندنی ئێوە لەپێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕە تازەکان‌و ئەو بڕیارە تازانەی لە کوردستانی عێراق، لە نێوان لانیکەم دوو هێزی ناسراوی کوردی عێراقدا پێك هاتوون‌و هەروەها دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی‌و ئەو کردەوانەی لانیکەم لە کوردستانی ئێراندا ئەنجام دەدرێن بزانین؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەپێوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا باشتر وایە لە خۆیان بپرسن، زۆربەی ڕێبەرانی حیزبەکانی کوردستانی عێراق زمانی فارسی دەزانن‌و دەتوانن لەو بارەوە قسەتان لەگەڵ بکەن. تا ئەو جێیەی ئیمە ئاگادارین، دروشمەکانیان دیارو ئاشکران، ئەوان خوازیاری جیابوونەوە لە عیراق نین. ئەوان مافی نەتەوەیی خۆیان دەوێ‌و لەسەر یەکپارچەیی خاکی عیراق پێ‌دا دەگرن‌و تا ئەو جێیە کە پیوەندی بە کۆماری ئیسلامیی ئیرانەوە هەیە، ویرای ئەوە کە ریاکارانە خۆی وەك دۆستی کوردەکان دەناسینێ، بەڵام لە هەموو رێیەکەوە دەیهەوێ زەبر لە کوردەکانی عیراق بوەشینێ، لەریگای هەرەشە، لەریگای هاندانی گرووپە جۆراوجۆرەکان لەدژی ئەوان بۆ ئەوەی نەزم‌و هێمنیی ئەوان تێك بدەن‌و لەڕێگای تەون‌و بەست لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دژی ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستانن، دەیهەوێ زەبریان لێ بداو وا بزانم کە سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردەکان هەر ئەوە بوو کە بەم دواییانە لە زمان وەزیری دەرەوەی ئێران بیسترا کە دەڵێ، دژی هەرچەشنە مافێکن کە بدرێ بە کوردەکانی عێراق‌و زۆر جاریش ڕایانگەیاندوە کە کوردستانی عێراق بە ئیسرائیلی دووهەم دەزانن‌و هەر کارێك لەو پێوەندی‌یەدا بۆیان کرابێ درێغیان نەکردوە.

**رادیو دەنگی ئێران: مامۆستا حەسەنزادە! ئەگەر جەنابتان پەیامێك، مەتڵەبێکتان هەیە، بیفەرموون دەنا بەخوداتان دەسپێرین.**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** تەنیا پەیامی من، سڵاوو ڕێزم بۆ خەڵکی ئێرانە، بەتایبەتی بۆ تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات کە لەبەرامبەر سەرەڕۆیی سەدەکانی نێوەڕاستدا ڕاوەستاون. هیوادارم ریزەکانیان پتر یەك بخەن‌و نەك لە ڕێگای ڕاپەڕینێکی چەکدارانە، بەڵکوو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوەو بە خەباتێکی ئوسووڵی‌و سیاسی هەمو دەست بدەنە دەستی یەك‌و کۆتایی بە ژیانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێنن‌و ئەو بەڵایەی کۆتایی سەدەی بیستەم‌و سەرەتای سەدەی بیست‌و یەکەم لە کۆڵ کەینەوەو لە ئێوەش سەبارەت بەم وتوویژە سوپاس دەکەم.

**ڕادیۆ دەنگی ئێران: زۆر سوپاستان دەکەین مامۆستا، خودا ئاگادارتان بێ‌و ئایندەیەکی خۆشتان بۆ بەئاوات دەخوازین.**

**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

سویس - ژنیف

# دیداری هەیئەتیکی حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی سکرتیری گشتیی حیزب لەگەڵ لیپرسراوانی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ لە بنکەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

سەعات ١٠ی بەیانیی رۆژی سێشەممە ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ هەیئەتیکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە سەرپەرستیی هاوریی تیکۆشەر مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە سکرتیری گشتیی حیزبو بە بەشداری هاورییان کاك مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیو ئاسۆی حەسەنزادە کادری بەشی پیوەندیەکانی حیزب لە ئورووپا، لە بنکەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنیف لە لایەن کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە بریتی بوون لە بەریز"جیانی ماگەزینی" بەرپرسی دووهەمی کۆمیسیۆنو خانمی "تیریزا ئالبیرۆگ" لیپرسراوی بەشی ئاسیای کۆمیسیۆن، وەرگیران.

لە سەرەتای دیدارەکەدا بەریز سکرتیری گشتیی حیزب ویرای سوپاس لە پیکهینانی دەرفەتی ئەو چاوپیکەوتنە، مەبەستو بایەخی سەردانەکەی لە هەلومەرجی ئیستادا دەست نیشان کرد کە بریتی بوو لە راکیشانی سەرنجی لیپرسراوانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لای پیویستیی وەگەرخستنەوەی میکانیسمەکانی چاوەدیریی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئیرانداو هەروەها چالاکتر کردنی کانالەکانی هاوکاریی نیوان حیزبی دیموکراتو بنیاتەکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بوارەدا.

تەوەرەی یەکەمی باسەکانی هەیئەتی حیزب لە پیوەندی لەگەڵ بریاری ئاخیری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ دیاری نەکرانی راپۆرتۆر لە سەر وەزعی مافی مرۆڤ لە ئیراندا بوو. لەو بەشەدا بەریز سکرتیری حیزب ویرای خستنەرووی ژمارەیەکی بەرچاو بەلگەو نموونەی تازە، لە سەر دریژەکیشانی پیشیل کردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە پیی داگرتو داوا لە هەیئەتی میواندار کرد کە بۆ کەم کردنەوەی تەوژمی حیساباتە سیاسیەکان لە سەر جەوهەری کاری بنیاتەکانی پاریزگاری لە مافی مرۆڤو بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە چاوەدیریی مافی مرۆڤ لە ئیراندا هاتۆتە پیش هەوڵ بدەن. لەو پیوەندیەدا ئاغای ماگەزینی ویرای دەربرینی سوپاسو خۆشحالیی خۆی، لە سەردانی سکرتیری حیزبەکەمان بە وردی باسی چۆنیەتیی پەسند کرانی بریارەکەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی کردو هەر لەو کاتەدا هەیئەتی حیزبی لەوە دلنیا کرد کە دەرچوونی بریاری ناوبراو بە هیچ جۆر بە مانای ئەوە نیە کە چاوەدیریی رەفتاری کۆماری ئیسلامی لە پیوەندی لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤدا کۆتایی هاتوەو گوتی ئەوان بۆ وەگەرکەوتنەوەی چاوەدیری لە کانالەکانی دیکەوە هەوڵ دەدەن. ئەو لە حالیکدا پیی لە سەر بایەخی یارمەتیی حیزب بەو بنیاتانە لە بواری دانی زانیاریی هەر چی وردترو بەردەوامتردا داگرتو رای گەیاند کە کۆمیساریاو کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆشایی نەبوونی راپۆرتۆر بۆ ئیران بە راپۆرتو لیکۆلینەوە لە سەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی وەك تیرۆر، شکەنجە، ئیعدامو . . . هتد کە لە باری ولاتو ناوچەوە، سنووردار نین پر دەکەنەوەو چاوەدیریی مافی مرۆڤ لە ئیراندا دەخەنە قۆناغیکی نویی تاقیکردنەوەوە.

تەوەری دووهەمی داواکاریەکانی هەیئەتی حیزب بریتی بوو لە خستنە رووی پانۆرامایەکی تازە لە بارودۆخی سیاسیی ئیران بە گشتیو کوردستان بەتایبەتی. لیرەدا بەریز سکرتیری گشتیی حیزب ویرای لیکدانەوەی هەلومەرجی ئەمرۆی ولاتەکەمانو وەبیرهینانەوەی سیاسەتو ئامانجەکانی حیزبەکەمان، بەسەرنجدان بەو راستیە کە داخوازەکانی گەلەکەمان نیوەرۆکیکی جیاواز لە مافەکانی مرۆڤیشیان نیەو ریشەی ئەسلیی پیشیل کردنی مافی مرۆڤ لە ولاتەکەمان سیاسیەو، تەنیا چارەسەری سیاسییش دەتوانێ کۆتایی بەو پیشیل کردنە بینێ، داوای لە لیپرسراوانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ کرد کە تێ بکۆشن هەتا ئەو جیگایەی دەکرێ ئیبتکارەکانیان لە چوارچیوەی بەرتەسکی مافە تاکەکسیەکان دانەهیلنەوەو زیاتر سەرنج بدەنە لایەنە سیاسیەکانی مەسەلەی مافی مرۆڤو داخوازە گشتیەکانی گەلەکەمان. لە وەلامدا کاربەدەستانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان ویرای سەلماندنی ئەو راستیەی سەرەوە، ئامادەیی خۆیان لەو بارەیەوە دەربریو داوایان لە هەیئەتی حیزب کرد کە بۆچوونەکانی خۆی لەمەر شیوازەکانی هەولیکی وادا دەربرن کە وەلامی پیویستیان درایەوە.

بەشی کۆتایی باسەکانی هەیئەتی حیزب بریتی بوو لە چارەنووسی بەشیك لە زیندانیە سیاسیەکان بەتایبەتی هی ئەو ئەندامو لایەنگرانەی حیزب کە هەر ئیستا لە ژیر مەترسیی ئیعدام دان، یان بێسەرو شوین کراون. هەیئەتی حیزب هەروەها لەو دەرفەتە بۆ راکیشانی سەرنجی لیپرسراوانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر وەزعی پەنابەرانی کوردی ئیران لە عیراقو تورکیە کەلکی وەرگرتو لەو پیوەندیەدا کۆمەلە پیشنیاریکی خستە روو. لە پیوەندی لەگەڵ هەر دووکی ئەو مەسەلانەدا هەیئەتی میواندار بەلینی وەشوین کەوتنی زیاتریانداو بەم جۆرە دیدارەکە لە کەشیکی گەرمو دۆستانەدا کۆتایی هات.

## وەلامی حیزبی سوسیال دیموکراتی ئالمان بە پەیامی پیرۆزبایی سکرتیری گشتیی حیزب

**حیزبی سوسیال دیموکراتی ئالمان (SPD)**

**بەرپرسی بەشی سیاسەتی نیونەتەوەیی**

**بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، ئاغای عەبدوللا حەسەنزادە سکرتیری گشتی!**

**زۆر بەریز سکرتیری گشتی!**

زۆر سپاس بۆ پیرۆزباییەکەتان بەبۆنەی ئاکامی هەلبژاردنەکانی ٢٢ی سیپتامبر لە ئالمان. دەولەتی تازە سیاسەتی سەرکەوتووانەی بەرەو پیش بردنی ریفۆرم دریژە پێدەدا. لەرادەی نیونەتەوەییدا ئەرکی خۆمان سەبارەت بە دابین کردنو پاراستنی سەقامگیریی سیاسیو ئابووری لە جیهاندا رادەگەیەنین.

هەوڵو حوزووری خۆمان لە مەئموورییەتەکانی ئاشتیو لە خەبات دژی تیرۆریزمدا بێتەسك کردنەوە دریژە پێ دەدەین.

SPD لە داهاتووشدا بەردەوام بۆ وەدیهینانی مافی تەواو وەك یەکی کوردەکان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتیو فەرهەنگی لەو ولاتانەی لییان دەژین، تێدەکۆشێ.

ئەرکەکان قورسن، هیچ ولاتو هیچ حیزبیکی سیاسی بە تەنیا ناتوانێ بەجییان بگەیەنێ. بۆیە ئیمە لە داهاتووشدا چاوەروانی هاوکاریی نزیکی دۆستە زۆرەکانمان لە هەموو جیهان داینو پیی هیوادارین.

**لەگەڵ سلاوی دۆستان**

**ئاخیم پۆست**

**بەرپرسی بەشی سیاسەتی نیونەتەوەیی**

✧✧✧

## وەلامی دەفتەری خانمی کلودیا رۆت، سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی ئالمان بە پەیامی پیرۆزبایی سکرتیری گشتیی حیزب

**زۆر بەریز ئاغای حەسەنزادە!**

لە لایەن خانمی کلودیا رۆتەوە (Cludia Roth) پر بە دڵ سوپاسی پیرۆزباییەکەتان بە بۆنەی سەرکەوتن لە هەلبژاردنی پارلمانیی ئالماندا دەکەم.

ئیمە لە هەلبژاردنی ئەم دواییانەی پارلماندا توانیمان هەر سێ ئامانجمان وەدی بینینو پتر لە ٨٪ی دەنگەکان وەدەست بینین. سیهەمین حیزبی بەهیزی سیاسیی ئالمانینو هەوڵ دەدەین بە پیکهینانی هاوبەندی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە، سیاسەتی مودیرنیزەکردنی ولاتەکەمان بەرەو پیش بەرین. ئیمە لە چوار سالی داهاتوودا بۆ وەدیهینانی بەرنامەکانی سەوزەکان تێدەکۆشینو حکوومەتی هاوبەشی سوورو سەوز دریژە پێدەدەین.

**بیرلین**

**دەفتەری خانمی کلۆدیا رۆت**

**میکائیل کیلنەر** (Michiel Kwliner)

**٢٠٠٢/١٠/٢**

## وتەکانی بەریز کۆنی فریدریکسۆن، بەرپرسی گرووپی کاری کوردان لە ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست لە ریورەسمی دەیەمین سالوەگەری شەهیدبوونی دوکتور سەعید لەشاری ستۆکهۆلمدا



**هەڤالان، هاورییان!**

لەوەی کە منتان بانگهیشتن کردوە بۆ ئەوەی لە یادی دەیەمین سالڤەگەری شەهیدبوونی دوکتور سەعیددا بەشدار بم، سوپاستان دەکەم. ئەو دوای گەرانەوە لە سوئید شەهید بوو. منیش شانازیی بینینی ئەوم پێبرا. پاشان ئەو بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئەنتیرناسیۆناڵ لە بیرلین وەرێ کەوت. ئەوە بۆ دووهەمین جار بوو ریبەری ئیوە دوای بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵدا شەهید دەبوو.

سالی ١٩٨٩ دوکتور قاسملوو بەشداری کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیست لە ستۆکهۆلم بووو پاشان بەرەو ڤییەن بە مەبەستی وتوویژ لەگەڵ ئیراندا کەوتە رێو هەمووان لە ئاکامی ئەو دانیشتنە ئاگادارن. لە تیرۆری بیرلیندا شتیك کە جیگای سەرنج بوو، ئەوە بوو کە لە ولاتی ئالماندا دادپەروەریو یاسا بەریوە چووو دەریانخست کە ئیرانیەکان تاوانبارن. ئەوە لە خۆیدا شتیکی باش بوو.

ریگام بدەن کە سلاوی ریبەری حیزبەکەمو سەرۆك وەزیرانی ولات "یۆران پەرشۆن"تان پێ رابگەیەنمو سوپاسی بەریز عەبدوللا حەسەنزادە بکەم بۆ وتەکانی کە پیشاندەری روانگەی ئەو بوون لەسەر مەسەلەی دیمۆکراسیو پیویستیی هاوکاری کردن لەگەڵ هیزە دیموکراتەکانی دیکەی ئیراندا.

هەروەك پیشتر گوتم، من ئەو شانازیەم هەیە کە بەرپرسی گرووپی کاری ئەنتیرناسیۆنالی سوسیالیستم لەپیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا بەگشتی. لەو گرووپە کاریەدا حیزبەکانی ئەو ولاتانەی ئورووپا کە ریژەیەکی زۆر کوردیان لێیە، بەشدارن وەك: ئالمان، فەرانسە، ئۆتریشو سوئید. ئیمە پیمان وایە لە داهاتوودا مەسەلەی کورد پیشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێ. تالەبانیو بارزانی لە کوردستانی عیراقدا زیاتر لە جاران ریك کەوتوونو هیواداریـن کە لەو بەهارەدا هەلبژاردنیکی ئازاد بەریوە بچێ.

تورکیە کە خۆی بۆ چوونە ناو یەکیەتیی ئورووپا کاندیدا کردوە، لە مانگی نۆڤەمبەر لەو ولاتەدا هەلبژاردن دەکرێو تا ئیستا ریگا دراوە بە پارتی هادەپ کە پارتیکی گەورەی کوردیە، لەو هەلبژاردنەدا بەشداری بکا. ئیمە لەو بابەتەوە هیواداریـن، چونکە ئەوە گرنگیەکی زۆری بۆ ناوچە کوردیەکان هەیە. مرۆڤ دەتوانێ لەسەر مەسەلەکە لە یەکیەتیی ئورووپادا قسە بکا. ئەمن پیم وایە ئەوان ئەوەندەیان فشار بۆ تورکیە هینا کە تورکیەی ناچار کرد لەسەر مەسەلەی کورد لەخۆیدا ئالوگۆر پیك بینێ.

لە تورکیەدا هیندیك دەسکاریی یاسایان کردوە، بۆ وینە لە مەسەلەی خویندن بەزمانی کوردیدا. ئیستا ماوەتەوە سەر تورکیە کە بە کردەوەش یاسا بەریوە بەرێ کە ئەوە رەنگە گرانتر بێ لەوەی تا ئیستا باسی لێ دەکەنو لە داهاتوودا دەردەکەوێ چەندە بە کردەوە بۆیان دەچیتە پیش.

بۆ من جیگای سەرنج بوو کە بیستم ریبەری حیزبەکەتان دەلێ چیدی ئامادە نین بە نهینی لەگەڵ ریژیمی ئیراندا وتوویژ بکەین. دیارە ئەوە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ئەزموونانەی کە لەم بوارەدا بەدەستان هیناوە، شتیکی چاوەروان کراوە. بۆچوونی ئیوە ئەوەیە کە ولاتیکی بێلایەن هەبێ کە بتوانێ میوانداریی ئەو وتوویژانە بکاو ئەمنیش ئەوەم زۆر پێ باشەو بەریبەریی ولاتەکەم رادەگەیەنم کە دەتوانێ ببیتە یەکیك لەو ولاتانەی کە دەتوانێ میوانداری ئەو کۆبوونەوانە بکا. بۆیە دیسان سوپاستان دەکەمەوە بۆ ئەم شیوە بیرکردنەوەیە. هەروەك ئیوەش ئاگادارن ئیستا ئیمکانی دامەزرانی کوردستانیکی سەربەخۆ نیە، بەلکوو هەموو باسی ئەوە دەکەن کە دەبێ پشتیوانی لە کوردەکان بکرێ لە چوارچیوەی ئەو ولاتانەدا کە تیدا دەژین. بۆیە ئەو پشتیوانیە بۆ دامەزرانی خودموختاری لەچوارچیوەی ئیراندا لە گۆریدایە. ئیمە بە ریژیمی ئیران دەلیین کە ویلایەتی فەقیه کەندو کۆسپیان بۆ دروست دەکا، ئەوە شیوەیەکی نادیموکراتییانەیەو دەبێ بگۆرێ. هەموو ئیمە بۆ وەدیهینانی گۆرانکاری لە ئیراندا تێدەکۆشین، ئیمە لە دەرەوەرا دەتوانین لەسەر ئیران شوین دابنیین.

ئیستاش پیم وایە وتەکانی تۆ بۆ ئیمە جیگای رەزامەندیەو من لەسەر ئەو باوەرەم کە بە شیوە کاری دیموکراتیك سەرکەوتن مسۆگەر دەکرێو شیوەکاری دیکە ناتوانێ سەرکەوتوو بێو ئەوە روانگەی ئیمە سوسیال دیموکراتەکانە.

# هەواڵەکانی کوردستان

## کرماشان

### خۆپیشاندانی خویندکارانی زانستگەی پزیشکی

رۆژی پینج شەممە ١٨ی رەزبەری ئەوساڵ کۆمەلیکی بەرچاو لە خویندکارانی زانستگەی پزیشکیی کرماشان بۆ دەربرینی نارەزایەتیی خۆیان خۆپیشاندانیکیان وەرێ خستو لە دەوروبەری ساختومانی ژمارە١ی زانستگەکەدا کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە پتر لە سێ کاتژمیری خایاند، خویندکاران ویرای رەخنە لە سیاسەتی هەلەو چەق بەستووی نیزامی ئامووزشیی ئیران، داخوازەکانی خۆیان لە ٤٠ خاڵ دا خستە بەرچاوو ١٠ رۆژ دەرفەتیان بە سەرۆکی زانستگەدا تا داواکاری‌یەکانیان جێبەجێ بکا.هیندێ لە داخوازی‌یەکانی خویندکاران بریتی بوون لە: پیناسەکردنی پیگەی خویندکاران‌و بەرپرسانی زانستگە، جیگیر بوونی فەرهەنگی شایستەسالاری‌و شیوە دیمۆکراتی‌یەکان لە هەلبژاردنی سەرۆکی زانستگا، سەرۆکەکانی زانکۆکان‌و جیگرە فیرکاری‌یەکان،ئامادە بوونی نوینەری خویندکاران لە شوورای زانستگەو زانکۆکان بۆ بەشداری هەرچی زیاتری ئەوان، رۆنانی سیستمی فیرکردن‌و لقە جۆراوجۆرەکانی، دامەزراندنی ناوەندە لیکۆلینەوەو تویژینەوەو دامەزرانی ناوەندیکی چالاك بۆ ئەم بەشە، کردنەوەو رۆنان‌و دەولەمەندکردنی کتیبخانە، سەرلەنوێ پیناسە کردنی ژینگەی خویندکاری‌و پیکهینانی ژینگەیەك کە تیی‌دا خویندکاران بتوانن بیر لە مەسەلە فیکری‌یەکان بکەنەوەو. . . .

## رەبەت

### کۆچی دوایی سەید تاهیری ئیمامی

بە گویرەی هەوالیك کە بە رۆژنامەی "کوردستان" گەیشتوە، رۆژی پینج شەممە ١٨ی رەزبەری ١٣٨١ سەید تاهیری ئیمامی کوری خوالیخۆشبوو سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) شاعیری بەناوبانگ‌و نیشتمانپەروەری ناوچەی موکریان لە شاری رەبەت کۆچی دوایی کردوە.

"کوردستان" بەوبۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەمالەو کەسوکاری سەید تاهیرو دۆستان‌و ناسیاوانی دەکا.

## سەردانی هەیئەتی فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانی‌یەکان لە بنکەی دەفتەری سیاسی



سەعات ٤/٣٠ی ئیوارەی رۆژی هەینی ١٩ی رەزبەری سالی ١٣٨١ی هەتاوی هەیئەتیکی فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانی‌یەکانی سوئید پیك هاتوو لە بەریزان: کاك حامید گەوهەری، کاك کۆڤان ئامەدی، خانمی سلیقە حەسەن‌و کاك نووری سالح‌و کاك فەرهادی گەوهەری سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانیان کرد. هەیئەتی ناوبراو لە لایەن ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەمان کاك مستەفا هیجری، کاك حەسەن رەستگار، کاك حەسەن شەرەفی‌و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کاك محەممەد نەزیف قادری، کاك کەمال کەریمی، کاك قادر وریا، کاك روستەم جەهانگیری‌و ئەندامانی جیگری کومیتەی ناوەندی خوشکە خەدیجە مەعزوورو کاك محەممەد سالح قادری پیشوازییان لێ کرا.

لە دیدارو چاوپیکەوتنی نیوان هەیئەتی فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانی‌یەکانی سوئیدو هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا گەلیك مەسەلەی پیوەندیدار بە بارودۆخی کوردستان‌و خەباتی گەلی کورد بە گشتی‌و وەزعی ژنانی کوردو تیکۆشانی فیدراسیۆن لە سوئیدو کاروباری بەشە جیاجیاکانی ئەو فیدراسیۆنە هاتنە گۆرو ئالوگۆری بیرورایان لەسەر کراو سەردانی هەیئەتی ئەو جۆرە کۆرو کۆمەلانە بۆ کوردستان بە کاریکی موسبەت دانرا.

هەیئەتی میوان بەیانی رۆژی دواتر لە لایەن هەیئەتی بەریوەبەرایەتی حیزبەوە بەریزەوە بەرێ کران.

## سەردەشت

### تیکهەلچوونیك لە نیوان چەند چەکداری نەناسراوو هیزەکانی ریژیم

شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی رەزبەری ٨١ چەند چەکداری نەناسراو لە نزیك گوندی قەلەرەشەی سەردەشت کەمینیان بۆ تویوتایەکی هەلگری هیزەکانی ریژیم دانایەوە کە لە ناوچە سنووری‌یەکاندا خەریکی گەشت لیدان بوون. لە ئاکامی تەقەی چەکدارەکاندا هەر ٧ کەس سەرنشینی ماشینەکە کە چواریان دەرەجەدارو سێ‌شیان سەربازبوون کوژران‌و ماشینەکەش ئاوری تێ‌بەربوو. بەرپرسانی ئەمنییەتی ریژیم لە شاری سەردەشت بە دوای بردنەوەی تەرمی کوژراوەکان بۆ نیوشار حکوومەت نیزامی‌و هەلومەرجی نائاساییان لە شاروناوچەدا راگەیاندو گەران‌و پشکنین زیاترو چاوەدیری کردن‌و بەشتنی سنوورەکان توندتر بوو.

هەروەهاریژیم رۆژی ٢١ی رەزبەر لە شاری سەردەشت "ماتەمینی گشتی" راگەیاند.

## بانگەواز

## لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوە

## بۆ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان!

بە حورمەتەوە، ئەو کۆمیسیۆنە بەریزە لە توندوتیژترکردنی کردەوەی سەرەرۆیانە، سەرکوتی موخالیفان‌و وەرێخستنی شەپۆلیکی تازە لە ئیعدامی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان‌و لە ریزی ئەواندا چوار ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە ناوەکانی:

١ـ هەمزە قادری خەلکی سەردەشت

٢ـ جەلیل زیوەیی خەلکی سەردەشت

٣ـ خالید شەوقی خەلکی یەکیك لە ئاوایی‌یەکانی دەوروبەری ورمێ

٤ـ سالح گوودەرزی خەلکی کامیاران لە نیوان رۆژەکانی ٦ تا ١٣ی ئوکتۆبری ٢٠٠٢ لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئیرانەوە ئاگادار دەکەین. لە حالیك‌دا کە ژمارەیەك لە ئیعدام کراوەکان ماوەی مەحکوومییەتی بەسەردا سەپاوی خۆیان لە زینداندا بەسەر بردبووو چاوەروانی ئازادی بوون.

حوکمی ئیعدانی ژمارەیەکی زیاتریش دراوەو مەحکووم کراوەکان لە چاوەروانیی ئیعدام‌دا بەسەر دەبەن.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە مەترسیی مەرگ‌و بەریوەبردنی حوکمی ئیعدام هەرەشە لە گیانی ژمارەیەکی زیاتر لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی ئیران دەکا، ئیعترازی ئیوە بە رەفتاری کۆماری ئیسلامیی ئیران‌و فشار خستنە سەر ئەو ریژیمە، رەنگە بتوانێ کۆماری ئیسلامیی ئیران لە دریژەدان بە ئیعدامی زیندانی‌یە سیاسیی‌یەکان بگیریتەوە.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران**
**٢٢ی ئوکتوبری ٢٠٠٢**
**١٣٨١/٧/٣٠**

# تیکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## سویس

### "پیکهاتنی کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی لە شاری بیل"

رۆژی شەممە ریکەوتی ٢٠٠٢/١٠/٥ کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە وڵاتی سویس، کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی لە شاری "بیل" بۆ هاوریی بەریز کاك مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات پیك هینا. کۆبوونەوەکە لە کاتژمیر٢:٣٠ی پاش نیوەرۆ بە راگرتنی دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب‌و گەل دەستی پێ‌کرد. پاشان بەریز کاك مستەفا مەولوودی باسیکی تیروتەسەلی لە چەند بەش‌داو بە شیوەی خوارەوە پیشکەش کرد:

١) باسیك لە سەر هەلومەرجی ئیستای ئیران‌و کوردستانی ئیران‌و لیکدانەوەو هەلسەنگاندنی پرۆسەی بەناو ریفورمی خاتەمی‌و بێ‌ئاکامیی ئەو پروسەیە. ٢) سیاسەت‌و بۆچوونەکانی حیزب لە سەر بارودۆخی ئیستای کوردستانی عیراق. ٣) پیوەندیی حیزبی دیموکرات لەگەڵ هیزە کوردستانی‌و ئیرانی‌یەکان. ٤) لیدوانیك لە سەر چەند مەسەلەی تەشکیلاتی‌و نیوخۆیی‌و ئەرکی ئەندامانی حیزب لە بەرامبەر ئەو مەسەلانەدا.

بەشی دووهەمی باسەکەی کاك مستەفا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری بەشدارانی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو کە بەریزیان بە وردی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. شایانی باسە کە کۆبوونەوەکە تا کاتژمیر ٧ی ئیوارەی خایاند.

## ئالمان

### کۆبوونەوەی "ناوەندی لیکۆلینەوەی کوردی" لە شاری بۆن

رۆژی ١٢ی مانگی ئوکتۆبری ٢٠٠٢ لەسەر بانگهیشتنی "ناوەندی لیکۆلینەوەی کوردی" لەئالمان کۆبوونەوەیەك بە بەشداریی ١١٨ کەس لە کەسایەتی‌یە کوردەکانی ئیرانی‌و حیزبە کوردستانی‌یەکان لە شاری "بۆن" پیك هات.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە کاتژمیر ١٠ی بەیانی دەستی پێ کردو تا ٧ی ئیوارە دریژەی کیشا، نوینەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، حیزبی کۆمۆنیستی ئیران‌و کۆمەلە بەشدارییان کردبوو.

تەوەرەی باسەکانی کۆبوونەوەکە "بارودۆخی ئیستای کوردستان‌و چۆنیەتی ریگای چارەسەر کردنی کیشەی کورد لە ئیراندا" دەستنیشان کرابوو کە لەم پیوەندی‌یەدا بەریزان دوکتور عەبباس وەلی، ئەحمەد ئەسکەندەری، مستەفا شەلماشی،تاهیر بەرهوون،دوکتور گولمراد مورادی‌و دوکتور حەسەن شەتەوی بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر چۆنیەتیی دۆزینەوەی ریگاچارە بۆئەم مەبەستە دەربری.

بەریز کاك شاهۆ حوسینی نوینەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەو کۆبوونەوەیەدا، لەبەشی یەکەمی قسەکانی خۆی‌دا راو بۆچوونەکانی حیزبی دیموکراتی لەم پیوەندی‌یەدا کە پیشتر ئامادە کرابوو، خویندەوە کە لەوی‌دا ئاماژە بە یەکخستنی بۆچوونی هیزە کوردستانی‌یەکان لەبارەی گەلالەکردنی داخوازەکانی گەلی کورد لە ئیران‌و هەلگرتنی دروشمی گونجاو بۆ هینانەگۆری ئەو داخوازانەو ئاکامی پرۆسەی بەناو ریفۆرمخوازی لە ئیران‌و چالاکیی بزاڤی فەرهەنگی‌و رۆشنیری لە کوردستانی ئیران‌و بارودۆخی ئابووری کوردستانی ئیران کرابوو. کاك شاهۆ حوسینی لە بەشیکی دیکەی وتارەکەی‌دا بەتیروتەسەلی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران‌و شکڵ‌و شیوەی جۆراوجۆرو گونجاوی ئەم چەمکە گشتی‌یەو هەروەها ستراتیژیی حیزبی دیموکرات وەك گونجاوترین شیوەی وەدیهاتنی ئامانجی گەلی کورد لە ئیراندا قسەی کرد. کاك شاهۆ لەبەشی دووهەمی دەرفەتی خۆی لەبەرنامەکەدا وەڵامی پرسیارو رەخنەی کەسایەتی‌یە بەشداربووەکان‌و ئامادەبووانی دایەوەو راو بیروبۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی لەم پیوەندی‌یەدا هینایە گۆرێ کە لەلایەن بەشداربووانی کۆبوونەوەکەوە پیشوازی لێ‌کرا.

## بریتانیا

### چاوپیکەوتن لەگەل بالویزی ئامریکا

هاورێ مەولوود سوارە بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا رۆژی ١٠ی ئوکتۆبری ٢٠٠٢ چاوی بە ئاغای ویلیام فاریش بالیۆزی ئامریکا لە لەندەن کەوت. لەو چاو پیکەوتنەدا لیستیك لە زیندانییانی سیاسی کوردو فیلمیك لەسەر تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ولات کە لە ریکەوتی ١٩ی سپتامبر لە ژیر ناوی کۆماندۆی‌ترۆر لە کانالی ١ تەلوزیۆنی سوئید بلاو ببۆوە پیشکەش بە ویلیام فاریش کرا.

### دیدار لە گەل بەریز لۆرد ئیڤیبری

هاوری مەولوود سوارە بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکرات لە وڵاتی بریتانیا رۆژی ١٤ی ئۆکتۆبری٢٠٠٢ لە کاتژمیر یازدەونیوی بەیانی تا دوازدەونیو بۆماوەی یەك سەعات و نیو چاوی بە بەریز لۆرد ئیڤیبری کەوت. لەو دیدارەدا بە دریژی لەسەر ئیعدامی زیندانییانی سیاسی لە ئیران دا قسە کرا. لەو پیوەندی‌یەدا هاوری سوارە لیستیکی لە ناوی زیندانییانی سیاسی دا بە بەریز لۆرد ئیڤیبری و هەروەها ناوبراوی لە ئیعدام کردنی هاورێ هەمزە قادری ئەندامی حیزبی دیموکرات ئاگادار کردەوە.

هەروەها فیلمیکی کە لە ١٩ی سپتامبری ٢٠٠٢ لە کانالی ١ی تەلەویزیۆنی سوئید لەسەر تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات دا بڵاو ببۆوە پیشکەشی ناوبراو کرد. بەریز ئیڤیبری بەلینی دا کە ئەو مەسەلانە دەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوە و شەخسی ئاغای جاك ئیستراو دا باس بکا و حیزبی دیموکراتی لی ئاگادار بکاتەوە.

## ئۆستralیا

### هاودەردیی کومیتەی حیزب لە ئوستralیا بەبۆنەی رووداوی "بالی"

رۆژی ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢، هاوری سەلاح پور ئەسەد بە نوینەرایەتی لە لایەن کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە ئۆستralیا را بۆ دەربرینی هاودەردیی‌و هاوسۆزی لەگەڵ حکوومەت‌و میللەتی ئۆستralیا سەردانی دەفتەری بەریز گاری هارد گریڤ، وەزیری کاروباری فرە نەتەوەیی‌حکوومەتی فیدرالی لە شاری بریزبن کردو چاوی بە سکرتیری وەزارەتی فرە نەتەوەیی کەوت. لەو چاوپیکەوتنەدا هاورێ پور ئەسەد ویرای دەربرینی هاودەردی بۆ بۆنەی کارەساتی دوورگەی بالی کە ژمارەیەك هاووڵاتیی ئۆستralیایی لەو رووداوەدا گیانیان لە دەست دا، برووسکەی پرسەشی ئاراستەی بەریز گاری هاردگریڤ کرد کە لەویدا ویرای ئاماژە بە میژووی قوربانیدانی کوردەکان لە پیناو ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموکراسی‌داو هەروەها ئاماژە بە تیرۆری ریبەرانی پایەبەرزی حیزبی دیموکرات، دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی‌و هاورییانی جاریکی‌تر مەحکووم بوونی خەر جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە روانگەی حیزبی دیموکراتەوەی دووپات کردەوەو بەم بۆنەوە هاودەردی‌و هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ دەولەت‌و میللەتی ئوستralیاو کەس‌وکاری قوربانی‌یەکاندا دەردەبرێ.

# دەنگدانەوەو کاردانەوەی هەواڵی ئیعدامی چوار تیکۆشەری حیزبی دیموکرات

## ئیعدامی سێ زیندانیی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیی

بە گویرەی دوو راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی [کوردستانی ] ئیران، هەمزە قادری، خالید شەوقیو جەلیل زیوەیی لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، پاش چەند ساڵ زیندان، لە ماوەی حەوتووی رابردوودا لە سیدارەدرانو تەرمەکانیان بە مەرجیك دەدەنەوە بە بنەماڵەکانیان کە ریورەسمی ناشتنی تەرمەکانیانو هەروەها پرسەو سەرەخۆشییەکەیان بە نهینیی بێ.

هەمزە قادری، خالید شەوقیو جەلیل زیوەیی لە کاتیکدا ئیعدام دەکرین کە لە ماوەی بەندکرانیاندا هیچ چەشنە هەوالیك لە بارەی ریکەوتو چونیەتی دادگاییو مەحکووم کردنیاندا بلاونەبۆتەوە. بۆیە لەم پیوەندییەدا "کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئیراندا"و هەروەها ریکخراوە نیونەتەوەییەکانی پاریزەری مافی مرۆڤ هیچ ئاگاداریيەکیان لە چارەنووسی ئەوان نەبووە.

ئیعدامی ئەم سێ زیندانیيە سیاسییە، حەوتوویەك پاش ئیعدام کرانی ۵ مەحکوومی تاوانە ئاساییيەکان بە شیوەی ئاشکراو لەبەرچاو خەلکەوە، جاریکی دیکە ئەو راستییە میژوویی ـ سیاسییەی سەلماندەوە کە جیبەجێ کردنی سزای ئیعدام لە بواری تاوانە گشتییەکاندا، بەردەوام کراوەتە سەرپۆشیك بۆ ئیعدامە سیاسییەکانو حکوومەتە زۆردارو ملهۆرەکان لە بەر ئەوە پێ لە سەر مانەوەی سزای ئیعدام دادەگرن کە لەو شیوە سزایە وەك دەسکەلایەك بۆ سەرکوتو تۆقاندنو تیرۆر کەلك وەرگرن. بۆ دەرکەوتنی راستیی ئەم ئیددیعایەش ئەوەندە بەسە کە ژمارەی ئیعدامو تیرۆرە سیاسییەکان لە ماوەی دوو دەیەی رابردوو لە ئیراندا لەگەڵ ژمارەی ئیعدامە ئاساییيەکاندا بەراورد بکرین.

بەم پێیە بەچاوپۆشی لە بنەماو پیوانە رەوشتی ـ ئینسانییەکان بۆ وەلانانو رەت کردنەوەی سزای ئیعدام، دابین کردنی ئازادیی بیرو باوەرو مەزهەبو بەیان، لە پیناوی چەسپاندنی دیموکراسیدا پیویستی بە هەلوەشاندنەوەی سزای ئیعدام هەیە.

ئەمە لە خۆرا نیە کە یەکیك لە مەرجەکانی ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئورووپادا هەلوەشاندنەوەی سزای ئیعدامە.

"کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئیراندا" ویرای مەحکووم کردنی ئەم کردەوە ناشیرینو نامرۆڤانەو لە سەرووشیانەوە ئیعدامی هەمزە قادری، خالید شەوقیو جەلیل زیوەیی، خوازیاری ئازادیی سەرجەم زیندانیانی سیاسیو بیرو باوەرو، سەر لە نوێ موحاکەمەی عادلانەی گشت ئەو زیندانیانەیە کە بەپیچەوانەی پیوانەکانی راگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤو ریککەوتننامە نیونەتەوەییيەکانی مافە مەدەنیو سیاسییەکان سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە. هەروەها داوا لە ریکخراوە نیونەتەوەییيەکانی پاریزەری مافی مرۆڤو کۆرو کۆمەلە نیونەتەوەییيەکان دەکا تا بە فشار خستنە سەر دەولەتی کۆماری ئیسلامیی ئیران ئەو دەولەتە ناچار بکەن کە ئەم داوایە جیبەجێ بکا.

**عەبدولکەریم لاهیجی**
**سەرۆکی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئیراندا**
**نوینەری سەرۆکی فیدراسیۆنی نیونەتەوەیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ**

### رۆژنامەی ئیسپانیایی ئیلمۆندۆ، رۆژی ١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢

## شەپۆلی ئیعدامی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیی ئیراندا

### "سەرچاوەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەلین ژمارەی کوژراوەکان لانی کەم ٥ کەسن کە ٣ یان لە شاری ورمێ لە سیدارە دروان".

**مانۆئیل مارتۆریل:**

چەندین سەرچاوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی خەبەر لە شەپۆلی نویی ئیعدامی سیاسی لە ئیراندا دەدەن. بە پیی ئەو سەرچاوانە ژمارەی ئیعدامەکان ٥ تا ٦ کەسن، کە لانیکەم ٣ کەسیان لە رۆژانی ٧و ٨ ی مانگی ئۆکتۆبر لە شاری ورمێ کە لە باکووری رۆژئاوای ئیران هەڵکەوتوە، ئیعدام کراون.

بەرپرسانی ئورووپایی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، کومیتەی نیونەتەوەیی بۆ ئاشتی لە کوردستانو کەسو کاری مەحکوومکراوان بە ئیعدام، سوورن لە سەر ئیعدامی ٣ کەس کە بریتین لە: خالید زیوەیی ٢٧ سالە، ژنو مندالدارو خاوەنی کچیك کە پاش زیندانی کرانی ئەو لە سالی ١٩٩٧ لە ورمێ، لە دایك بووە. هەمزە قادری ٣١ سالەو خالید شەوقی . دوو نەفەری یەکەم خەلکی شاری سەردەشتن. ریژیم پاش تەحویل دانەوەی تەرمی ئیعدام کراوان بە کەسو کاریان، لیی ویستوون کە دەبێ بە زوویی بنیژرینو نابێ هیچ مەراسمیك بۆ ناشتنیان پیك بهینرێ.

پێ بە پیی ئەو کارە ریژیم هیزیکی زۆری لەو شارەو چەند شاری دیکەی کوردستان بۆ پیشگیری لە هەر چەشنە حەرەکەتی نارەزاییو تیکهەلچوون کۆ کردۆتەوە. ریژیم لە دووپات بوونەوەی رووداوەکانی مانگیك لە مەوبەری مەهاباد کە پاش کوشتنی یەك کەس بە دەستی پۆلیس روویاندا، بە توندی هەراسانە. پۆلیس گوتی کە ئەو ٣ نەفەرانە تاوانبار بوونو لە بەرامبەر واندا دەستیان کردۆتەوە.

ناوی ٢ کەس لە ئیعدام کراوەکان، خالید شەوقیو هەمزەی قادری لە نیو لیستیك دان کە حیزب دیموکراتی کوردستانی ئیران مانگی فیوریەی رابردوو بلاوی کردبۆوەو داوای لە کۆرو کۆمەلە نیونەتەوەییيەکان کردبوو کە بۆ نەجاتی گیانی ٨ کەس لە ئەندامانی ئەو حیزبە کە بە مەرگ مەحکووم کرابوون هەوڵ بدەن. لە نیو ئەو لیستەیەدا جگە لە ناوی قادریو شەوقیو هەروەها ناوی حەسەن مەحەممەدیانو خدر وەیسی لە بەندیخانەی ورمێ، مەحەممەد شارویرانی، خالید فەرەیدوونیو نادر ئافائی لە زیندانی مەهابادو سالح گودەرزی لە شاری سنە دەبینرا.

ئەو کات حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە بانگەوازیکدا بە ریکخراوەکانی مافی مرۆڤو دەولەتانی ئورووپایی راگەیاند زۆر نیشانە بە دەستەوەن کە ریژیم دەیهەوێ ئیعدامی بەندییە سیاسییەکان سەر لە نوێ دەست پێ بێ بکاتەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە ئەندامیکی حیزب بە ناوی کەریم تووژەلی لە رۆژی ٢٤ی ژانویە لە ناوەندی ئیتلاعات لە شاری مەهاباد لە سیدارە درا.

ئیعدامی کەریم تووژەلیو مەحکووم بە مەرگ کردنی دوو نەفەریتر لە کاتیکدا بوو کە سکرتیری گشتیی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان "کۆفی عەنان" لە سەفەر بۆ ئیران دابووو شەپۆلی ئیعدامی ئیستاش لە بەرەبەری سەفەری گرینگی خاتەمی بۆ ئورووپا دایە. یەکیك لەو ولاتانە لە خولی سەفەری خاتەمیدا، ئیسپانیایە کە لە سەر بانگهیشتنی سەرۆك وەزیر ئازنار بۆ سەفەریکی رەسمی بۆ دیدار لەو دەولەتە پیك هاتوە.

دەولەتی ئیران جگە لە ئیعدامی بەندییە سیاسییەکان، بە ریگەدان بە پیگەکانی ئەلقاعیدە لە خاکی ئیرانداو یارمەتیدان بە ئەندامانی ئەو ریکخراوەیە تاوانبار کراوە. ئەو تاوانبار کردنە یارمەتیدان بە گرووپە تیرۆریستییەکانی سەر بە ئەلقاعیدەش کە لە کوردستانی عیراقدا پیگەیان هەیە دەگریتەوە.

## ئیران چوار کەس لە زیندانییە کوردەکانی ئیعدام کردوە

ئیران چوار کەس لە ئەندامانی ریکخراوە کوردەکانی بەرهەلستکاری ریژیمی لە ماوەی ٨ رۆژی رابردوودا ئیعدام کردوە. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران رۆژی سێشەممە [٢٠٠٢/١٠/١٥] ئەم هەوالەی راگەیاند.

لە راگەیەندراویکدا کە لە پاریس بلاو بۆوە، ئەو حیزبە رایگەیاند کە ئەم چوار کەسە بەر لەوەی ئیعدام بکرین، ئەشکەنجە کرابوون. دواکەسی ئەوان رۆژی یەکشەممە ئیعدام کراوە. ناوەکانی ئەو چوار کەسە ئیعدام کراوە بریتین لە: هەمزە قادری، خالید شەوقی، جەلیل زیوەییو سالح گوودەرزی.

ئیمکانی دەست راگەیشتن بە کاربەدەستانی ئیرانی نەبوو تا بیرورایان لەم بارەیەوە بپرسین. ئەگەرچی ریکخراوی ناوبراو لەو شۆرشەدا کە بووە هۆی رۆخانی ریژیمی پاشایەتیی سەربە ئەمریکا بەشدار بوو، بەلام دەولەتی ئیسلامی هەر بەدوای هاتنە سەرکاریدا، دەستی کرد بە دژایەتیی ئەو حیزبە. پیگەی حیزبی دیموکرات لە رۆژئاوای ئیرانو لە نزیك سنوورەکانی ئیران لەگەڵ تورکیە و عیراقدا هەڵکەوتوە.

[ئەوکات ] تاران کە لەلایەن کوردە عیراقییەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا، هەزاران کەس لە هیزەکانی خۆی نارده ئەو ناوچەیە تا راپەرینی کوردەکان سەرکوت بکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران رادەگەیەنێ کە پشتیوانی لە جیگیربوونی ریژیمیکی دیموکراتیك لە ئیراندا دەکاو خوازیاری خودموختاری بۆ کوردستانە.

کۆماری ئیسلامی رادەگەیەنێ کە کوردەکان [لە ئیران] مافی وەك یەك [لەگەڵ فارسەکان] یان هەیەو ئەو هیمنایەتییەی لە کوردستانی ئیراندا هەیە، لەگەڵ ئەو وەزعەی لە ناوچە کوردنشینەکانی عیراقو تورکیەدا هەیە، تەواو جیاوازە.

**پاریس، هەوالدەریی رۆیتیر**
**رۆژنامەی دییلینیوز، تورکیە ٢٠٠٢/١٠/١٧**

## قارەمانیکی دیکە چووە ریزی شەهیدانی گەلەوە

**حامید درووودی ـ سوئید**

رۆژی یەکشەممە ٢٠ی رەزبەری ١٣٨١ لە نیو شاری سنە کاك سالح گودەرزی (پیشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران) لە کاتیکدا لەگەڵ مەئموووریكو ٢ سەرباز لە ماشینیکدا دەبرێ بۆ دادگا، لە فرسەتیك کەلك وەردەگرێو کەلەپچەکەی دەستی دەخاتە ملی مەئموورەکەو ئەوەندەی فشار بۆ دینێ تا لە پیی دەخاو بۆ خۆشی هەلدێ، ٢ سەربازەکەش لە شەقامو کۆڵانی شاری سنەدا بە شوینیدا هەڵدینو ٣ گوللەشی پیوە دەنین کە هیچیان بەری ناکەون. بەداخەوە پاش ماوەیەك سەربازەکان دەیگرنەوەو دەیبەن بۆ دادگا. شایانی باسە ئەمە سیهەمین جار بوو کە کاك سالح لە دەستی ئەشکەنجەگەرانو جەللادان هەڵ دەهات. یەکەم جار کە لە ئامبولانسیك دا لە شاری کامیارانەوە بۆ سنەیان دەبرد، لە نزیك تونیلەکان رای کردو بە قاچیکی بریندارەوە لە دەست مەئموورە چەکدارەکانی ریژیم رزگاری بوو، بەلام بەداخەوە لە بەختی رەشی ئەو چەند سەرباز لەو شوینەی کە بەتاما بوو لییەوە دەرباز ببێ خەریکی مەشق کردن بوون کە بە دیتنی کاك سالحو کەلەپچەکەی دەستی لیی دوو شك دەبنو دەیگرن. جاری دووهەمیش هەر لە ریگای بەندیخانەوە بۆ بە ناو دادگادا رادەکا. بەداخەوە ئەو جارەش هەر دەیگرن، بەلام ئەم گرتنەوەیەش هیچ لە ورەی شیرانەی کاك سالحی کەم نەکردەوەو بۆ هەلیکیتر دەگەرا. بۆ دوایین جار رۆژی یەکشەممە ٢٠ی رەزبەر پاش ئەوە کە سەربازەکان دیبەنە لای قازییەکەو ئەویش چاو لە پەروەندەکەی دەکاو دەبینێ کە پیشتر حوکمی ئیعدامی دراوە بە بێ ئەملاو ئەو لا حوکمی ئیعدامی دەدا. جەللادەکانی کۆماری ئیسلامیش ناهیلن چەند کاتژمیر بە سەر حوکمەکەدا بروا کە هەلی دەواسنو بەم جۆرە چنگیان بە خوینی تیکۆشەریکی تری گەلەکەمان سوور دەبێ. کاتیك لە دادگاوە کاك سالح دەبەن بۆ شوینی ئیعدام کردنەکەی، خزمەکانی بە پارانەوە بەری ماشینەکەیان دەگرن بۆ ئەوەی دوا قسەی لی بپرسن. لە وەلامدا دەلی **"من هیچ قسەیەکم نیە، دەمبەن ئیعدامم دەکەن، ئەگەر جەنازەکەمیان پێ دانەوە بمبەن لە ئاوایی "چرۆسانە" بمنیژن."**

ئەو کاتەی خزمەکانی جەنازەکەیان وەرگرتۆتەوە هیشتا تەنافی سیدارەکەی لە ملدا بووە.

ئەی هاوریی شەهید! ئەوانەی تۆیان دیبووو لەگەلت هاوسەنگەر بوون، بێگومان دەزانن کە تۆ دلی شیرت هەبوو، تەنانەت دوژمنانیش ئەوەیان دەزانی. بۆیە کە لە نیو شاردا گرتیانیو لە قەفەسیان توند کردی، هەموو هەولی خۆیاندا بۆ ئەوەی چۆکیان بۆ دادەیو لە بەرامبەریاندا سەرشۆر کەی. بێخەبەر لەوە کە لە زیندانیشدا ورەت وەك رۆژانی پیشمەرگایەتیو نیوسەنگەر هەر بەرزە. هەر ئەمە وای لی کردن کە تەنانەت گوێ بەوەش نەدەن کە ناوت لە لیستی ریکخراوی نیونەتەوەیی لیبوردنو کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤدا هەیەو داوا لە ریژیمەکەیان کراوە کە وەك کەسیکی سیاسی هەلسوکەوتت لەگەڵ بکەن!

هاورێ گیان! ئەوانەی تۆیان دەناسی دەیانزانی کە تەنانەت زیندانو ئەشکەنجەش کار لە ورەت ناکا، بۆیە کە جاری یەکەم هەلاتیو دەرباز نەبووی، داخیك بە دلمانەوە چزاو بەقەد شاهۆ، وەرهەم نیشتە سەر دلمان. جاری دووهەمیش کە بە قاچە بریندارەکەشتەوە نەیانتوانی بتگرنو دەرباز بووی، هەموو دەزانین کە رەنگە شەکەتیی بەندیخانەو ئەشکەنجە ماندووی کردبیو نەتتوانیبێ هەلییو بۆ حەسانەوە لات دابیتە پەنا بەردیك! . . . بەلام من قەت باوەر ناکەم، ئەگەریش وابێ پیم خۆش نیە باوەر بەم قسەیە بکەم. چونکە دەزانم تۆ قەت ماندوو نەدەبووی، تۆ کە هەموو چیاکانی ناوچەت بە رەختو چەکەوە دەنا ژیر پێ، هیشتا بزەت لە سەر لیو بوو، چۆن شەکەت دەبی! ها!؟

لەو رۆژەشەوە کە دوژمنان خوینتیان رشتوە، خەلکی بۆ پرسەو سەرەخۆشی دەستە دەستە روویان کردۆتە مزگەوتەکەی شەهرەکی بەهاران لە سنە. تۆ هەر ئەو شەهیدەی کە بۆ ناشتنەکەت خەلکیکی زۆری ناوچەکە روویان کردە سەر گۆرەکەت. دەیان ماشین لە شوین تەرمەکەتەوە بوون. تۆ هەر ئەو کەسەی کە هەموو ناوچەی بیلەوارت داخدارو رەشپۆش کرد، تۆ بەم کردەوەیەت رووی رۆلەکانی دیکەی گەلەکەت کە ئیستا لە ژیر ئازارو ئەشکەنجەدان سپی کرد. نازانم چۆنت بلاوینمەوە ئەی شەهید! ئەی قارەمان! ئەی ئەو کەسەی کە لە ئەرکە شۆرشگیرانەکانی نیو شاریشتدا سەرکەوتوو بوویو داخیکت بە دلی جاشو پاسدارەکانی شارەکەتەوە نا کە بە هاسانی لە بیریان نەچیتەوە. تۆ خۆت کردە فیدای گەلەکەتو ئیتر نەتتوانی دوو کچەکانو کورەکەت ببینیەوەو تاسەت لییان بشکێ. بەلام دلنیابە کە ئەوانیش وەك هەموو مندالە شەهیدەکانی تر لە نیو گەلەکەیاندا رووسوورن، چونکە خەلك وەك قارەمانیکی شەهید چاو لە باوکیان دەکەن.

# هه‌واڵه‌كانی ئێران‌و جیهان

ئاماده‌كردنی: ع. بداغی

## خۆپیشاندانی ئیعترازیی كرێكارانی خووزستان

سه‌دان كه‌س له‌ كرێكاران‌و كارمه‌ندانی شیركه‌تی لووله‌سازیی خووزستان كه‌ ماوه‌یه‌كی درێژ بوو مووچه‌ی مانگانه‌یان دواكه‌وتبوو، خۆپیشاندانێكی ئیعترازییان وه‌ڕێ خست‌و له‌ به‌رامبه‌ر فه‌رمانداری‌و ئوستانداری ئه‌هوازدا كۆبوونه‌وه‌و خوازیاری چاره‌سه‌ری گیروگرفته‌كانیان‌و جێبه‌جێ كردنی داواكانیان بوون. به‌ڵام چونكه‌ هیچ كام له‌ به‌رپرسانی ده‌وڵه‌تی به‌ ده‌نگیانه‌وه‌ نه‌هاتن، ڕۆژی شه‌ممۆ ٢٠ی ره‌زبه‌ر بۆ جارێكی دیكه‌ ڕژانه‌ سه‌ر شه‌قامه‌كانی شاری ئه‌هوازو به‌ دژی سیاسه‌ته‌كانی ڕێژیم دروشمیان دا. پێویسته‌ بگوترێ له‌ ماوه‌ی چه‌ند ساڵی ڕابردوودا ٥٠٠ كه‌س له‌ كارمه‌ندانی ئه‌و شیركه‌ته‌ له‌ سه‌ر كار وه‌لانراون‌و ٧٠٠ كارمه‌ندی دیكه‌ش له‌گه‌ڵ گیروگرفتێكی زۆری ماددی‌و ئابووریدا به‌ره‌وروون.

## خۆپیشاندنی ئیعترازیی خوێندكاران له‌ هه‌مه‌دان

به‌شێكی به‌رچاو له‌ خوێندكارانی زانكۆی بووعه‌لی سینای هه‌مه‌دان به‌ چۆڵكردن‌و داخستنی پۆله‌كانی ده‌رس له‌ ڕۆژی شه‌ممۆ ٢٠ی ره‌زبه‌ردا ناره‌زایه‌تیی خۆیان له‌ سیاسه‌تی چه‌وتی وه‌زاره‌تی زانست‌و په‌روه‌رده‌یی باڵا ده‌ربڕی. له‌ ڕاگه‌یاندراوی ئه‌و خوێندكارانه‌دا هاتوه‌: "ناره‌زایه‌تیی ئێمه‌ تایبه‌ت به‌ زانكۆی بووعه‌لی سینایه‌و ڕه‌خنه‌گرتن‌و به‌ره‌په‌رچدانه‌وه‌ی ئه‌و سیاسه‌ته‌ هه‌ڵه‌و چه‌وتانه‌ن كه‌ وه‌زاره‌تی زانست‌و په‌روه‌رده‌ی باڵا له‌ حاڵی گه‌را به‌ستن‌و ڕێكخستن دایه‌. به‌ داخه‌وه‌ ده‌وڵه‌تێك كه‌ به‌ ڕه‌خنه‌گرتن له‌ سیاسه‌تی ده‌وڵه‌تی پێشوو توانی باوه‌ڕو سه‌رنجی گشتیی بۆ لای خۆی ڕابكێشێ ئێستا بۆخۆی درێژه‌ده‌ری سیاسه‌ته‌كانی ده‌وڵه‌تی پێشوویه‌". هێندێك له‌ دروشمه‌كانی خوێندكارانی نارازی بریتی بوون له‌ سپاردنی زانكۆكان به‌ كه‌رتی تایبه‌ت، "نا نا" فرۆشتنی مه‌دره‌ك "نا نا"، "چوونه‌ سه‌ری ئاستی عیلمی‌و زانستی یان ئاخنینی گیرفانه‌كان".



## ئێران مووشه‌كی شه‌هابی ٣ی بۆ لیدانی ئیسرائیل، به‌رهه‌م هێناوه

سه‌رتیپ ئه‌حمه‌دی وه‌حید، سه‌رۆكی ڕێكخراوی سه‌نایعی هه‌وایی‌و فه‌زایی وه‌زاره‌تی به‌رگریی ئێران له‌ وتوویژ له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌ی "ئه‌لحه‌یات"دا وتی ئێران به‌ شوێن دروستكردنی مووشه‌كی بالستیكه‌وه‌یه‌ كه‌ بتوانێ به‌ زیاتر له‌ ١٥٠٠ كیلۆمیتر دا ببڕێ تا ئه‌گه‌ر ئیسرائیل هێرشی بۆكرد، بتوانێ په‌لاماری ئه‌و وڵاته‌ بدا. ناوبراو له‌ درێژه‌ی قسه‌كانی‌دا وتی به‌ پێچه‌وانه‌ی چه‌واشه‌كاریی ڕاگه‌یه‌نه‌ره‌ گشتی‌یه‌كانی ڕۆژئاوا ئێمه‌ جارێ نامانه‌وێ مووشه‌ك گه‌لێك به‌ بوردی ١٢٠٠٠ كیلۆمیتر بۆ لیدانی ئه‌مریكا به‌رهه‌م بێنین.

گه‌ڵاڵه‌ نیزامی‌و ناوه‌كی‌یه‌كان ئێران ده‌وڵه‌تی ئیسرائیلی تووشی نیگه‌رانی كردوه‌و له‌ به‌رامبه‌ردا هه‌ڕه‌شه‌ی كردوه‌ كه‌ هه‌ركات بزانێ ئه‌و گه‌ڵاڵانه‌ی ئێران مه‌ترسییان بۆ به‌رژه‌وه‌ندیی‌یه‌كانی ئیسرائیل هه‌یه‌، هێرش ده‌كاته‌ سه‌ر ئێران‌و وزه‌گه‌ی ئه‌تۆمیی بووشهر كه‌ ناوه‌ندی چالاكیی ناوه‌كی‌و هه‌سته‌یی ئێرانه‌، خاپوور ده‌كا.

## دانانی به‌رپرسانی پایه‌به‌رزی ئه‌منییه‌تی ئێران به‌ ناكامیی خۆیان‌دا

سه‌رتیپ محه‌ممه‌د نووری جێگری فه‌رمانده‌ری هێزه‌ ئینتیزامی‌یه‌كانی ئێران له‌ وتوویژێكی ڕۆژنامه‌نووسی ئه‌م دوایانه‌ی خۆی‌دا باس له‌ دابه‌زینی ته‌مه‌نی تاوانباران ده‌كاو ده‌ڵێ ٦٥٪ ئه‌و كه‌سانه‌ی ده‌خرێنه‌ زیندانه‌كانی ڕێژیمه‌وه‌، بۆ یه‌كه‌م جار تووشی زیندان ده‌بن. ناوبراو ده‌ڵێ نیزیك ٦٪ زیندانی‌یه‌كانی ئێران ته‌مه‌نیان كه‌متر له‌ ٢١ ساڵه‌. ئه‌و هه‌روه‌ها گرینگترین هۆكاری په‌ره‌سه‌ندنی ئه‌و تاوانانه‌ی، مه‌سره‌فی ڕۆژ له‌ ڕۆژ زیاتری مه‌واددی موخه‌دیرو مه‌شرووباتی ئه‌لكولی‌و فیلمه‌ دژی ئه‌خلاقی‌و فه‌رهه‌نگی‌یه‌كان ده‌زانێ، به‌ڵام حه‌سه‌ن ڕووحانی ده‌بیری شوورای به‌رزی ئه‌منییه‌تی میللی ئێران گۆڕانكاری‌یه‌ كۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌كانی دوو ده‌یه‌ی ڕابردووی ئێران به‌ هۆكاری ئه‌م وه‌زعییه‌ته‌ ده‌زانێ‌و ئاماژه‌ به‌ تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌ مه‌نفی‌و خراپه‌كانی ئه‌و گۆڕانكارییانه‌ی وه‌ك قه‌یرانی هووییه‌ت، لاواز بوونی باوه‌ڕی دینی، كه‌مته‌رخه‌می نه‌هاده‌ په‌روه‌رده‌یی‌و دینی‌یه‌كان، نه‌بوونی به‌رنامه‌ بۆ دوای شه‌ڕی ٨ ساڵه‌و هاتنه‌ خواری باوه‌ڕی گشتیی خه‌ڵك به‌ حكوومه‌ت ده‌كاو ده‌ڵێ نیزامی كۆماری ئیسلامی به‌ هه‌موو توانا‌و ده‌سه‌ڵاتی‌یه‌وه‌ به‌ ته‌نیایی توانای به‌ره‌نگاری ئه‌و هه‌موو قه‌یرانه‌ی نیه‌و ناتوانێ له‌م بواره‌دا هیچ كارێكی ئه‌وتۆ بكا.

## ئێران‌و سووریه‌ پێگه‌ی سه‌ره‌كیی تاقمه‌ تیرۆریسته‌كانی فه‌له‌ستینن

ڕۆژنامه‌ی "فیگارۆ"ی چاپی فه‌رانسه‌ له‌ ژماره‌ی ٣٠ی سپتامبری خۆی‌دا نووسیویه‌تی كه‌ كۆماری ئیسلامی ساڵانه‌ به‌ میلیۆنان دۆلار یارمه‌تیی ڕێكخراوه‌ بناژۆكانی فه‌له‌ستین‌و لوبنانیی نه‌یاری ئاشتی‌و ڕێككه‌وتن له‌گه‌ڵ ئیسرائیل ده‌داو له‌ به‌رامبه‌ر ئه‌و یارمه‌تی‌و داكۆكی‌یه‌دا داوای په‌ره‌پێدان‌و به‌رباڵوتر كردنی كرده‌وه‌ خۆكوژی‌یه‌كان ده‌كا. كۆماری ئیسلامی له‌ به‌رامبه‌ر هه‌ر كرده‌وه‌یه‌كی سه‌ركه‌وتووانه‌ی خۆكوژی له‌ وڵاتی ئیسرائیل‌دا تا بیست هه‌زار دۆلار یارمه‌تی بنه‌ماڵه‌ی خۆكوژه‌كه‌ ده‌دا. هه‌روه‌ها ماوه‌یه‌ك له‌وه‌پێش بوو ده‌وڵه‌تی ئیسرائیل ده‌ستی به‌ سه‌ر كه‌شتیی "كارینا" له‌ ئاوه‌كانی ده‌ریای سووردا گرت كه‌ ٥٠ تۆن چه‌كی دروست كراوی ئێرانی له‌ دوورگه‌ی "قیشم"ه‌وه‌ بۆ "غه‌ززه‌" ده‌گواسته‌وه‌.

## بوومه‌له‌رزه‌یه‌ك له‌ شاری مه‌سجید سولیمان‌دا

به‌یانی ڕۆژی ٥ی ره‌زبه‌ر بوومه‌له‌رزه‌یه‌ك به‌ وزه‌ی ٥/٥ پله‌ پێوه‌ری ڕیشتیر باكووری شاری مه‌سجید سولیمانی وه‌له‌رزه‌ خست. له‌ ئاكامی ئه‌و بوومه‌له‌رزه‌یه‌دا ٩ گوندی ئه‌و ناوچه‌یه‌ی به‌راده‌ی ٣٠٪ تا ٤٠٪ ویران كردو زیانێكی ماڵیی زۆری به‌ دانیشتوانی ئه‌و گوندانه‌ گه‌یاند.

## ئێران‌و حیزبوڵڵا وه‌ك به‌رپرسیاری ته‌قینه‌وه‌ی باڵوێزخانه‌ی ئیسرائیل ناسران

ڕۆژنامه‌ی "الشرق الاوسط" له‌ دواین ژماره‌ی خۆی‌دا نووسیویه‌تی: به‌ دوای لێكۆڵینه‌وه‌ی زۆری دادگای قه‌زایی ئارژانتین‌و ئاشكرا بوونی عامیلانی سه‌ره‌كیی ته‌قینه‌وه‌ی بنیاتی هه‌ره‌وه‌زیی جووله‌كه‌كان‌و باڵوێزخانه‌ی ئیسرائیل، ده‌وڵه‌تی ئارژانتین داوای له‌ "ئینترپۆل"، پۆلیستی نێونه‌ته‌وه‌یی كرد كه‌ "شێخ حه‌سه‌ن نه‌سروڵڵا ویرای چه‌ند دیپلۆماتی پێشووی ئێران له‌ ئارژانتین كه‌ له‌و ته‌قینه‌وه‌یه‌دا نه‌خشیان هه‌بووه‌، بۆ موحاكه‌مه‌و سزادان ته‌حویلی ده‌زگای قه‌زایی ئه‌و وڵاته‌ بدا. به‌رپرسانی ئارژانتین ده‌ڵێن به‌ دوای لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی زۆر له‌ سه‌ر ته‌قینه‌وه‌كان بۆیان ده‌ركه‌وتوه‌ كه‌ ئێران‌و حیزبوڵڵا عامیلی سه‌ره‌كیی ته‌قینه‌وه‌كانی ٨ ساڵ له‌وه‌پێشی باڵوێزخانه‌ی ئیسرائیل‌و بنكه‌ی هه‌ره‌وه‌زیی جووله‌كه‌كانی ئه‌و وڵاته‌ن.

## ته‌قینه‌وه‌ له‌ دوورگه‌ی بالی

شه‌وی ١٣ی ئوكتۆبری ٢٠٠٢ بۆمبێكی به‌هێز كه‌ له‌ ماشینێك‌دا دانرابۆوه‌ له‌ نیزیك باشگایه‌كی شه‌وانه‌ له‌ دوورگه‌ی بالی له‌ وڵاتی ئه‌ندۆنیزی دا ته‌قییه‌وه‌و بووه‌ هۆی كوژرانی ١٨٨ كه‌س‌و بریندار بوونی سه‌دان كه‌سی دیكه‌. بووش سه‌رۆك كۆماری ئه‌مریكاو ڕێبه‌رانی پایه‌به‌رزی ئه‌ندۆنیزی تاوانی ئه‌و ته‌قینه‌وه‌یان خستۆته‌ ئه‌ستۆی ڕێكخراوی ئه‌لقاعیده‌. لیژنه‌یه‌كی لێكۆڵه‌ری پۆلیسی فیدراڵی ئه‌مریكا (FBI)و ده‌سته‌یه‌ك مه‌ئمووری ڕێكخراوی ئه‌منییه‌تی ئوسترالیا بۆ هاوكاری له‌گه‌ڵ پۆلیسی ئه‌ندۆنیزی‌و دیتنه‌وه‌ی ئه‌نجامده‌رانی ئه‌و ته‌قینه‌وه‌یه‌ چوونه‌ته‌ دوورگه‌ی بالی.

## ١/٨٠٠/٠٠٠ منداڵی كرێكار له‌ ئێران دا

به‌ پێی ئاماره‌ ڕه‌سمی‌یه‌كان ١/٨٠٠/٠٠٠ منداڵی كرێكار له‌ بازاڕی كاری ئێران دان كه‌ ٤٠٠/٠٠٠ كه‌س له‌وانه‌ ته‌مه‌نیان كه‌متر له‌ ١٥ ساڵه‌. ئه‌حمه‌د ئامولی كارناسی مافی منداڵان‌و ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی داكۆكی له‌ مافی منداڵان وتی: ژماره‌ی منداڵانی موعتاد له‌ ئێران‌دا ١٠٠/٠٠٠ كه‌سه‌و ئه‌و ئاماره‌ ڕۆژ به‌ ڕۆژ له‌ زیاد بوون دایه‌. ئه‌و هه‌روه‌ها ده‌ڵێ ٢٥٠ میلیۆن منداڵ له‌ جیهان‌دا له‌ ئیمكانات‌و نیزامی په‌روه‌رده‌و فێركردن بێبه‌شن.

## ئه‌گه‌ر ئه‌مریكا بیهه‌وێ گێره‌شێوێنی بكا له‌ ده‌می ده‌درێ

فه‌رمانده‌ری سوپای پاسداران له‌ ڕاگه‌یاندراوێك دا وتی: ئه‌مریكا هه‌ر شه‌یتانی گه‌وره‌یه‌و ئه‌گه‌ر بیهه‌وێ گرفتێك بۆ كۆماری ئیسلامی پێك بێنێ، زۆر به‌توندی له‌ده‌می ده‌ده‌رێ. هه‌روه‌ها "عه‌لی مشكینی" سه‌رۆكی مه‌جلیسی خوبره‌گان، ئه‌مریكای وه‌ك فیرعه‌ون‌و تاعوونی زه‌مان ناوبردو وتی: ئه‌گه‌ر ڕۆژێك ئه‌و تاعوونی زه‌مانه‌ بیهه‌وێ هێرش بكاته‌ سه‌ر ئێران، ده‌بێ باش بزانێ زیاتر له‌ شه‌ڕی ڤیتنامی لێده‌كوژرێ‌و سه‌ركه‌وتووش نابێ.



## ئه‌ندامانی ئه‌لقاعیده‌ له‌ نێو خاكی ئێران دان

دونالد ڕامسفیلد وه‌زیری به‌رگریی ئه‌مریكا جارێكی دیكه‌ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی به‌ لایه‌نگری‌و داكۆكی له‌ تیرۆریزمی نێونه‌ته‌وه‌یی تاوانبار كرد. ناوبراو وتی بۆ ئێمه‌ جێگای هیچ شك‌و گومانێك نیه‌ كه‌ زۆربه‌ی ئه‌ندامانی ئه‌لقاعیده‌ له‌ ئێران‌دا گیرساونه‌ته‌وه‌و ئه‌و وێنانه‌ی له‌ ماهواره‌كان وه‌رگیراون ده‌ری ده‌خه‌ن كه‌ ئۆردووگایه‌كی په‌روه‌رده‌یی‌و ڕاهێنانی تیرۆریستی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ئێران خه‌ریكی ڕاهێنانی تیرۆریستانه‌و ژماره‌یه‌كی زۆر له‌ ئه‌ندامانی ئه‌لقاعیده‌ له‌وێ‌دا سه‌رقاڵی بارهێنان‌و په‌روه‌رده‌كردنی تیرۆریسته‌كانی سه‌ر به‌و تاقمه‌ن.

## كاره‌ساتی ڕاكردنی مێشكه‌كان له‌ ئێران‌دا

به‌ پێی نوێترین ئاماری ڕێكخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان لانی كه‌م ٢٤٠ هه‌زار ئێرانی كه‌ خاوه‌نی به‌ڵگه‌نامه‌ی خوێندنی باڵان له‌ ئه‌مریكا نیشته‌جێن كه‌ له‌وانه‌ ١٨٢٦ كه‌سیان ئه‌ندامی لیژنه‌ی زانستیی ته‌واو وه‌ختی زانكۆكانی ئه‌مریكان كه‌ به‌ زیادكردنی ژماره‌ی ئه‌و مامۆستایانه‌ی به‌ شێوه‌ی نیوه‌ وه‌خت له‌ زانستگاكان‌دا وانه‌ ده‌ڵێنه‌وه‌، ده‌گاته‌ زیاتر له‌ ٥٠٠٠ كه‌س. به‌ پێی ڕاپۆرتێكی دیكه‌ زیانی ڕاكردنی مێشك بۆ ده‌ره‌وه‌ زیاتر له‌ ٣٨ میلیارد دۆلار قه‌بلێندراوه‌. له‌ حاڵێك‌دا داهاتی ساڵانه‌ی ئێران له‌ فرۆشی نه‌وت نیزیك ١٢ میلیارد دۆلار ڕاگه‌یاندراوه‌.

له‌ ساڵی ڕابردوودا ١٥١ ئه‌ندامی لیژنه‌ی زانستیی زانستگه‌كانی ئێران كه‌ بۆ سه‌فه‌ری زانستی بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات ڕۆیشتوون، نه‌گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ بۆ ئێران.

## ئیعدامی ٥ كه‌سی دیكه‌ له‌ ئێران



له‌ درێژه‌ی ڕه‌وتی ئیعدامی زیندانیان‌دا ڕۆژی چوارشه‌ممه‌ ٢٦ی ره‌زبه‌ر ٥ كه‌سی دیكه‌ له‌ زیندانیانی ئێران له‌ حه‌وشه‌ی زیندانی قه‌سردا هه‌ڵواسران. هه‌ر ماوه‌یه‌ك له‌وه‌ پێش ٥ كه‌سی دیكه‌ له‌ مه‌یدانی ئازادی‌و تاران پارس له‌به‌رچاوی خه‌ڵك ئیعدام كران. جگه‌ له‌وه‌ش ئیعدامی زیندانی‌یه‌ سیاسی‌یه‌كانیش هه‌ر به‌رده‌وامه‌.

چوونه‌سه‌ری ڕێژه‌ی ئیعدامه‌كان‌و ڕاگه‌یاندنی ئاشكرای ئیعدامه‌كان به‌شێك له‌ سیاسه‌تی هه‌ڕه‌شه‌و تۆقاندنی كۆماری ئیسلامی‌یه‌ كه‌ بۆ چاوترسێن كردنی خه‌ڵك به‌ڕێوه‌ی ده‌با.

## ٣ ئیمام جومعه‌ی تاران‌و كۆلێكسیۆنی كارخانه‌كانیان

بنیاتی "ئه‌لزه‌هرا" به‌ دوای كڕینی كارخانه‌ی "مهرام"، كارخانه‌ی "مینو" كۆنترین‌و گه‌وره‌ترین كارخانه‌ی دروست كردنی شوكولات‌و خوارده‌مه‌نی ئێرانی به‌بری ٢٤/٥ میلیارد تمه‌ن كڕی. هاشمیی ڕه‌فسه‌نجانی‌و جه‌ننه‌تی‌و محه‌ممه‌دی یه‌زدی دامه‌زرێنه‌رو خاوه‌نی سه‌رمایه‌ی ئه‌و بنیاته‌ن‌و ئه‌و بنیاته‌ش تا ئێستا بۆته‌ خاوه‌نی كارخانه‌كانی "مهرام"، "چه‌سپی ڕازی"، "لاستیكی دنا"و "مینو". هه‌ر قازانجی ٦ مانگی ئه‌م ساڵی كارخانه‌ی "مهرام" نزیكه‌ی ٦ میلیارد تمه‌ن بووه‌. ئه‌وه‌ تازه‌ به‌شێكه‌ له‌ سه‌روه‌ت‌و سامانی ڕێبه‌رانی پایه‌به‌رزی ئێران كه‌ هه‌ڵگری دروشمی به‌ڕێوه‌بردنی ئیسلامی نابی محه‌ممه‌دی‌و عه‌داله‌ت‌و یه‌كسانیی كۆمه‌ڵایه‌تین.

## پێشانگای پێشێلكرانی ئاشكرای مافی مرۆڤ له‌ ئاڵمان‌دا

ڕۆژی هه‌ینی ٢٧ی سپتامبری ٢٠٠٢، له‌ شاری "ویدن" له‌ وڵاتی ئاڵمان‌دا پێشانگایه‌ك له‌ لایه‌ن "ڕێكخراوی لاوانی ئێرانی ئازاد" بۆ پیشاندانی پێشێلكرانی ئاشكرای مافی مرۆڤ له‌ ئێران‌دا كرایه‌وه‌. له‌و پێشانگه‌یه‌دا سه‌دان وێنه‌و به‌ڵگه‌و سه‌نه‌د له‌ كرده‌وه‌ دژی ئینسانی‌یه‌كانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی خرابوونه‌به‌رچاو كه‌ له‌ لایه‌ن ڕاگه‌یه‌نه‌ گشتی‌یه‌كان‌و نوێنه‌رانی ڕێكخراوی مافی مرۆڤ‌و ژماره‌یه‌كی به‌رچاو له‌ خه‌ڵكی ئه‌و شاره‌وه‌ پێشوازی لی كرا.

## ده‌زگای قه‌زایی ئێران ڕێكخراوی ئیتلاعاتی سه‌ربه‌خۆی دامه‌زراندوه‌

له‌ كاتێك‌دا سه‌رۆكی ده‌زگای قه‌زایی ئێران ئیددیعا ده‌كا كه‌ ده‌زگای ژێر فه‌رمانی ئه‌و دادپه‌روه‌رترین ڕێكخراوی قه‌زایی‌و دادپه‌روه‌ریی دنیای ئیسلام‌و جیهانه‌، ئاشكرا بووه‌ كه‌ ده‌زگای قه‌زایی ئێران ویرای پێشێلكردنی یاسای بنه‌ڕه‌تی، ده‌زگایه‌كی ئیتلاعاتی سه‌ربه‌خۆی ڕێك خستوه‌ تا به‌ یارمه‌تیی ئه‌و ده‌زگایه‌ لیبراوانه‌و شیلگیرانه‌تر ئازادیخوازان‌و جیابیران سه‌ركوت بكا. ئه‌وه‌ له‌ حاڵێك‌دایه‌ ئه‌م كرده‌وه‌یه‌ی ده‌زگای قه‌زایی شه‌پۆلێكی ناره‌زایه‌تی له‌ نێوان نوێنه‌رانی مه‌جلیس‌دا وه‌ڕێ خستوه‌. سه‌رۆكی كومیسیۆنی ئه‌سلی ٩٠، له‌ دژایه‌تی له‌گه‌ڵ ئه‌و بڕیاره‌ی ده‌زگای قه‌زایی‌دا وتی: ده‌زگای قه‌زایی ده‌بێ بۆ دامه‌زراندنی وه‌ها ڕێكخراوه‌یه‌ك له‌ مه‌جلیس ئیجازه‌ وه‌رگرێ چونكه‌ دامه‌زراندنی ڕێكخراوێكی ئیتلاعاتی به‌ بێ په‌سند كردنی مه‌جلیس به‌ پێچه‌وانه‌ی یاسایه‌و سه‌ربه‌خۆیی ده‌زگای قه‌زایی به‌و مانایه‌ نیه‌ كه‌ بتوانێ سه‌ره‌ڕۆیانه‌ ڕێكخراوێكی ئیتلاعاتی له‌ چه‌شنی ته‌شكیلاتی وه‌زاره‌تی ئیتلاعات بۆخۆی دابمه‌زرێنێ.

## ئه‌مریكا ده‌یه‌وێ جوغرافیای ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست بگۆڕێ

ڕۆژنامه‌ی " ایندیپندنت"ی ئینگلیس له‌ وتارێك‌دا نووسیویه‌تی مه‌به‌ستی ده‌وڵه‌تی ئه‌مریكا له‌ گۆڕینی ده‌سه‌ڵات له‌ عیراق‌دا، گۆڕینی جوغرافیای سیاسیی ناوچه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاسته‌. نووسه‌ری ئه‌م وتاره‌ له‌ وتوویژێك‌دا له‌گه‌ڵ هه‌واڵنێری "ئیرنا"دا گوتی: سیاسه‌تی ئێستای ده‌وڵه‌تی بووش دامه‌زراندنی سیستمێكی نوێیه‌ له‌ جێگای ڕێژیمه‌كانی ده‌سه‌ڵاتداری ناوچه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست‌و گۆڕینی جوغرافیای سیاسی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاسته‌.

# کۆماری ئیسلامی لەوە زەبوونترە کە بتوانێ چیای ورەی حیزب‌و گەلەکەمان بروخێنێ

**ع. رەهنموون**

هەر وەك دەزانین ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە ماوەی ۲۳ سالی رابردوودا، هەمیشە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی نارەواو جەهەننەمیی خۆی پەنای بۆ رەشەکوژی‌و ئیعدامی ئازادیخوازان بردوەو هەر کاتێ قەیرانی رەوایی ئەو ریژیمە قولتر بۆتەوە، هەولی داوە کە بە ئیعدام‌و لە نیو بردنی بەرهەلستکارانی سیاسی، پیش بە هەرەسهینانی دەسەڵاتی نگریس‌و لیوانلیو لە جینایەت‌و خوینی خۆی بگرێ.

بە دریژایی میژووی هاوچەرخی ئیران، کوردستان هەمیشە سەنگەری لەگیران نەهاتووی ئازادی‌و بویری بووەو هەمیشە لەم سەرزەمینە خویناوی‌یەدا جاری ئازادی‌و بەرخۆدان دراوە. بۆیە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە سیاسەتی خوین‌و فرمیسك بە سەر گەلە ستەمدیدەکەمان داسەپاوەو ئەو ریژیمە دژی گەلی‌یە هەمیشە هەولی داوە کە ئەو ورە بەرزو شۆرشگیرانەیە تیك بشکینی‌و چۆك بە نەتەوەکەمان دا بدا. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەك چقلی چاوی ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران‌و نوینەری راستەقینەی بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئیراندا، هەمیشە بۆتە ئامانجی رق‌و کینەی ئەهریمەنانەی کۆماری ئیسلامیی ئیران‌و رۆژ نیە ئەو ریژیمە دژی گەلی‌یە بە مەبەستی چاوترسین کردنی حیزب‌و گەلەکەمان پیلانیکی نوێ دانەریژێ‌و جینایەتیکی تازە نەخولقینێ.

هەر وەك لە راگەیاندراوەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە رۆژەکانی ۱۷،۱۹، ۲۲ی رەزبەردا هاتوە، ریژیمی جینایەتکارو جینایەت پیشەی کۆماری ئیسلامیی ئیران لەم رۆژانەی دواییدا چوار تیکۆشەری بەئەمەگی حیزبەکەمانی بە نیوەکانی، کاك خالید شەوقی، کاك جەلیل زیویەیی‌و کاك هەمزە قادری‌و کاك سالح گودەرزی ئیعدام کردوەو بەم شیوەیە پەلەیەکی رەشی دیکەی خستە سەر کارنامەی پر لە شوورەیی‌و جینایەتی خۆی.

شتیك کە جیگای سەرنجە ئەوەیە کە بەداخەوە ئەو ئیعدامانە چەند مانگ دوای کۆبوونەوەی سالانەی کۆمیسۆنی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەریوەبران کە بە پیی بریاری کۆمیسیۆنی ناوبراو، ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە لیستی ئەو ولاتانە دەرهاویژرا کە دەبێ لە ژیر چاوەدیریی بەردەوامی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بن !! بیگومان ئەو بریارە وەك بریاریکی عادلانە سەیر ناکرێ‌و نابیتە هۆی ئەوە کە جینایەت‌و پیشیلکاری‌یەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران لەبەرچاوی بیرورای گشتیی خەلکی جیهاندا پەردەپۆش بکرین، چونکە ئەندامەتیی هەندێ ولاتی پیشیلکەری مافەکانی مرۆڤ لەو کۆمیسیۆنەدا، لەمپەرو بەربەستیکی حاشا هەلنەگرو جیددین لە بەرامبەر رەچاوکردن‌و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا.

خالیکی گرنگی دیکە کە دەتوانین لەم پیوەندی‌یەدا ئاماژەی پێ بکەین "کات‌و دوخ"ی ئەم ئیعدامانەیە. ئەم جینایەتە دزیوو تازانەی کۆماری ئیسلامی لە کاتیکدا بەریوە بران کە جیهان بەشیوەیەکی گشتی‌و رۆژهەلاتی نیوەراست بە شیوەیەکی تایبەتی چاوەروانی ئالوگۆریکی قوول‌و بنەرەتین. دیاردەی دزیوی تیرۆریزم سەرنجی هەموو ولاتان‌و بیرورای گشتیی خەلکی جیهانی بۆ لای خۆی راکیشاوەو بۆتە گرنگترین پرسی ئەمرۆی جیهان‌و خەباتیکی جیهانی دژی تیرۆریزم بە گشتی‌و دژی تیرۆریزمی دەولەتی بەتایبەتی دەستی پێ کردوە. ناکرێ باس لە تیرۆریزمی دەولەتی بکرێ‌و قامکی تاوان بۆ لای ریژیمی تیرۆریست‌و تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی دریژ نەکرێ. چوونکە ئیستا زیاتر لە جاران بۆ هەموان ئاشکرا بووە کە ئەو ریژیمە خوینمژە بە کردەوەو بێ ئەملاو ئەولا لە بەرەی تیرۆریزمی دەولەتی دایە. ئەو ریژیمە بە باشی هەستی بەوە کردوە کە هاوئاهەنگ بوونی گوشاری نیونەتەوەیی‌و گوشاری گەلانی ئیران بۆ سەر ئەو ریژیمە هیچ دەرەنجامیکی جگە لە وردو خاش بوونی دەسەڵاتەکەی بە دواوە نابێ‌و بۆیشی روونە کە دەستی بە سەر زلهیزەکاندا نارِوا، بۆیە هەول دەدا کە رق‌و بیزاریی خۆی بە سەر خەلکی چەوساوەی ولاتەکەماندا بریژی.

هاوکات بوونی ئەو تاوانە دزیوانە، دژی گەلی کورد بە گشتی‌و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەتایبەتی، لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەی کە لە دەرەوەو ناوەوەی ئیراندا لە ئارادایە، شتیکی بەریکەوت نیە. چوونکە کۆماری ئیسلامیی ئیران لە لایەکەوە زیاتر لە هەر کاتێ روخساری دزیوی بۆ بیرورای گشتیی جیهان دەرکەوتووەو ئیستا زۆر بێ‌شەرمانەو بە بێ پەردە پیلانە دزیوەکانی پیادە دەکاو لە لایەکی دیکەوە ئەو ریژیمە بۆی دەرکەوتووە کە لە ناو گەلانی ئیراندا بە گشتی‌و لە نیو گەلی خەباتگیری کورددا بەتایبەتی هیچ شوین‌و پیگەیەکی نیەو دەزانێ کە ناتوانێ خۆی لەگەڵ گۆرانکاری‌یە نیونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌و تەنانەت لەگەڵ گۆرانکاری‌و بارودۆخی ناوەوەی ئیرانیشدا هاوئاهەنگ بکاو ترسی ئەوەی لیی نیشتوە کە ئاشی میژووو بیهارێ. هەروەها ئەو ریژیمە دژی گەلی‌یە لە رادەی نفووزو ئیعتیباری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە ئاستی دەرەوەو ناوەوەی ئیراندا بە باشی ئاگادارەو چاك دەزانێ کە هەر گۆرانکاری‌یەك لە ناوچەدا بە گشتی‌و لە ئیراندا بەتایبەتی روو بدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەك حیزبی راستەقینەو پیشرەوی کۆمەلانی خەلکی کوردستان رۆلی گرنگ‌و میژوویی‌و چارەنووسسازی خۆی دەبینێ‌و ئەرکی میژوویی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێ.

ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە دریژەی ۲۳ سالی رابردوودا بۆی دەرکەوتووە کە کوردستان کوانووی شۆرشەو ژیلەمۆی رق‌و بیزاری خەلکی کوردستان بۆ جاریکی دیکە دەگەشیتەوەو کلپە دەکاو بە هاوکاریی هەموو گەلانی بندەستی ئیران کۆتایی بە دەسەڵاتی رەشی ریژیمەکەی دینێ. بۆیە بە خەیالی خاوی خۆی بۆ چاوترسین کردن‌و رووخاندنی ورەی خەلکی شۆرشگیری کوردستان‌و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دەست بۆ ئەم جینایەتە درندانانە دەبا، بەلام بێ‌ئاگا لەوەی کە چیای ورەی کۆمەلانی شۆرشگیری خەلکی کوردستان‌و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەوە بلیندترو سەرکەشترە کە دەستە رەش‌و ئەهریمەنی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی بتوانن لە نیوی بەرێ یان تەنانەت کزو لاوازی بکا.

# ئایا گیانی ئینسانەکان ئەوەندە بێ‌نرخە کە بکەویتە بەر سات‌و سەودا؟!

**برایم جەهانگیری**

رۆژی ١٦ی رەزبەرو لە بەندیخانەی ورمێدا، کاك خالید شەوقی ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ئیعدام کرا، شەهید خالیدی شەوقی لە سالی ١٣٦٨دا بە مەبەستی پەنا بردن بۆ ولاتیکی سیهەم رووی لە ولاتی تورکیە کرد، بەلام لە سالی ١٣٧١داو لە لایەن هیزەکانی تورکیەوە گیراو تەسلیمی ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران کرایەوە، لەو پیوەندی‌یەدا چەند مانگ لەمەوبەریش کاك کەریم توژەلی کە ئەویش هەر لە لایەن تورکیەوە تەسلیمی ئیران کرابوو، لە لایەن ریژیمی ئیران‌و لە زیندانی مەهابادا ئیعدام کرا.

تورکیە کە خۆی بە دەولەتیکی لائیك‌و دیموکرات دەزانێ‌و دەیهەوێ ببیتە ئەندامی "یەکیەتیی ئورووپا"و لە بواری ئابووری‌دا سوود لەو دەرفەتە وەربگرێ تا قەیرانە ئابووری‌و سیاسی‌یەکانی خۆی چارەسەر بکا، هیچ کات بە جیددی هەولی نەداوە کە لە باری مەسەلە سیاسی‌یەکان‌و بەتایبەتی مەسەلەی پاراستنی مافی مرۆڤ کە مەرجیکی سەرەکی‌یە بۆ چوونە نیو یەکیەتیی ئورووپاوە چاو لە ئورووپایی‌یەکان بکا. ئایا کاربەدەستانی تورکیە هیچ کات بیریان لەوە کردۆتەوە کە تەسلیم کردنەوەی پەنابەرانی ئیرانی بە ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو پەری پیشیلکاری مافی مرۆڤە! بەتایبەتی کە ئەو تەسلیم کردنەوەیە زۆر جار ئیعدام‌و لە ناوچوونی تەسلیم کراوی بە دواوە دەبێ.

کاربەدەستانی تورك داخوا هەرگیز ئەو پرسیارەیان لە خۆیان کردووە کە ئیرانی‌یەکان کاتێ روو لە ولاتی تورکیە دەکەن‌و پەنا بۆ ئەو ولاتە دەبەن مانای ئەوەیە کە ئەو ولاتە بە شوینیکی ئەمین بۆخۆیان دەزانن‌و بەو کۆچکردنە دەیانەوێ لە دەستی ریژیمی دژی ئازادیی ئیران قوتار ببن‌و دەشتوانن ولاتی تورکیە بکەن بە پردیك بۆ پەرینەوە بەرەو ولاتی سیهەم، هەر چەند ئەگەر توزێ بە وردی سەرنجی ئەو پەنابەرانە بدەین کە لە شاری وانی تورکیەدا چەند سالیکە چاوەروان ماونەوە تا بەلکو سیلەی بەزەییی UN ببزوێ‌و رەوانەی ولاتیکی دیکە بکرین، دەبینین لەو پەری بێ‌ئیمکاناتی‌دا دەژین‌و بەراستی هیچ کەس‌و لایەنیکی پاریزەری مافی مرۆڤ ئاوریکی ئینسانیان لی نەداونەوە، جگە لەوە پرسیار ئەوەیە کە حکوومەتی تورکیە لە پیناو چی‌دا دەبێ ناچار بێ تا ئەو رادەیە گویرایەلی ریژیمی ئیسلامی ئیران بێ‌و بەشیك لەو کەسانەی کە پەنا بۆ ولاتەکەی دەبەن تەحویلی ئیران بداتەوە، خۆ رەنگە دەولەتی ئیران ئەو دلنیایی‌یەش بدا بە دەولەتی تورکیە کە ئەو کەسانەی لە لایەن تورکیەوە تەسلیمیان دەکریتەوە ئیعدام ناکرین، بەلام هەر لەم چەند مانگی رابردوودا دوو تیکۆشەری حیزبی دیموکرات، شەهید کەریم توژەلی‌و شەهید خالید شەوقی کە لە لایەن تورکیەوە تەسلیمی ریژیمی ئیسلامیی ئیران کراونەوە ئیعدام کراون. هەروەها لە چەند سالی رابردوودا کاك عەلی کاشفپوور، بەهرام ئازادفەر، محەممەد قادری‌و تەها کرمانج، کە هەر چواریان کادری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بوون‌و پەنایان برد بووە ولاتی تورکیە لەو ولاتەدا تیرۆر کراون. بێ ئەوەی هیچ ئاسەواریك لە تیرۆریستان وەدەست کەوتبێ! ئایا دەولەتی تورکیەو کۆرو کۆمەلە بەشەردۆستەکانی تورك چ وەلامیکیان هەیە بۆ ئەو پیشیلکاری‌یە ئاشکرایەی مافی مرۆڤ؟! ئەوە لە کاتیك دایە کە خەلکی ئیران بەگشتی‌و خەلکی کوردستانی ئیران بەتایبەتی هیچ کیشەیەکیان لەگەڵ تورکیەدا نیەو هیچ کات بەرژەوەندی‌یەکانی خەلکی تورکیەیان نەخستۆتە مەترسی‌یەوە!

ئەگەر ئەمرۆ ناوەندیکی نیونەتەوەیی یان ولاتیکی خاوەن نفووز نی‌یە کە لە بەرانبەر ئەو پەنابەرانەدا خۆی بەرپرسیار بزانێ، خۆ لە قەدیمەوە گوتوویان کە ویژدان تەنیا مەحکەمەیە پیویستیی بە قازی نیەو بەو پێیە بەرپرسان‌و کاربەدەستانی تورکیە لە بەرامبەر خوینی بەناحەق رژاوی ئەو شەهیدانەدا هەست بە چ بەرپرسایەتیك دەکەن؟ کەس‌و کاری ئەو شەهیدانە هەرگیز بەناو پاریزەرانی مافی مرۆڤ‌و دیموکراتە فورمی‌یەکان نابەخشن.

جیا لەوە داخوا بەرپرسانی UN لە تورکیە کە دەبینن ژمارەیەك لەو کەسانەی کە بە هەزار زەحمەت‌و مەینەت‌و تێپەربوون لەجۆرەها مەترسی خۆ دەگەیەننە بارەگاکانیان لە تورکیەو پاش خۆناساندن‌و ماوەیەك مانەوە، لە لایەن پۆلیسی تورکیەوە دەگیرین‌و تەسلیمی ئیران دەکرینەوەو لە ئاکامدا لەگەڵ مەرگ‌و ئیعدام بەرەوروو دەبن، هەست بە هیچ بەرپرسایەتیك لە بەرانبەر چارەنووسی ئەو کەسانەو بنەمالەکانیاندا دەکەن‌و لەو بارەوە لە کاربەدەستانی تورك دەپرسنەوە؟! ئایا گیانی ئینسانە لیقەوماوەکان تا ئەو رادەیە بێ‌بەهایەو ویژدانی مرۆڤایەتیش ئەوەندە بێ‌ئاگایە کە چاو لەو جۆرە کارو کردەوانە بپوشێ‌و گیانی ئینسانی پەنابەر بکریتە دەستمایەی سات‌و سەودا؟

ئیمە هیوادارین لە داهاتوودا هەم تورکیە زیاتر لە بەرانبەر گیانی پەناخوازان‌و پناهینراوندا هەست بە بەرپرسایەتی بکاو هەم لقی UN لەو ولاتە زیاتر سەرنج بداتە چارەنووسیان.

⌘⌘⌘

# کۆچی دوایی مامۆستا مەلا ئەحمەد خالەیی



رۆژی چوارشەممە ۱۳۸۱/۷/۱۷ی هەتاوی مامۆستا مەلا ئەحمەد خالەیی کادری لەمیژینەی حیزب پاش چەند مانگ بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی‌یەکی لەچارە نەهاتوو، کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا مەلا ئەحمەد لە ریژیمی پاشایەتی‌دا وەك مامۆستایەکی ئایینی‌و نیشتمانپەروەرو وەك ئەندامیکی دلسۆزی حیزب ئەرکی خزمەت بە جوولانەوەی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی بەریوە دەبرد، هەربۆیە ریگای بەندیخانەکانی ریژیمی دەکەوتە بەرو زیندانی دەکرا. بەو حالەش هەرگیز وازی لە کارو تیکۆشان نەهیناو زیندان‌و ئەشکەنجە چاوترسینی نەکرد. بەدوای هاتنە سەرکاری ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیرانیش‌دا زۆر چالاکانە لەریزی تیکۆشەرانی حیزبدا دریژەی بەکارو بەجیهینانی ئەرکی نیشتمانپەروەرانەی خۆی‌داو لەو پیوەندی‌یەدا هەم گەلیك ئەرك‌و بەرپرسایەتی لە حیزبدا وەئەستۆ گرت‌و هەم زەحمەت‌و رەنج‌و ئاوارەیی‌یەکی زۆرو دریژی تەحەممول کرد. کۆچی دوایی کاك مەلا ئەحمەد خالەیی داخ‌و پەژارەیەکی زۆرو خەمیکی قورسی خستە سەر دلی خزم‌و کەس‌و هاوسەنگەرانی‌و لە هەمان کاتیش‌دا ئەرکی دریژەی خەبات‌و خۆراگرییشی پێ ئەسپاردن.

بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالیخوش بوو کاك مەلا ئەحمەد خالەیی، پرسەو سەرخۆشیمان پیشکیشی بنەمالەی بەریزو هەموو دۆستان‌و ئاشنایان‌و هاوسەنگەرانی‌و سەرجەم خەلکی ناوچەکانی سەردەشت‌و کوردستان دەکەین‌و سەبرو سەبووری بۆ هەموو لایەك بە ئاوات دەخوازین. ریگای پر ریبوار بێ.

⌘⌘⌘

# بزووتنەوەی خویندکاری، بزووتنەوەیەکی ئامانجخوازو دیموکرات

کەریم پەرویزی

**"بزووتنەوەی خویندکاری فەزای گشتیی لە سیاسەت داماڵراو سەرلە نوێ سیاسی دەکاتەوەو پەردە لە سەر سەفسەتە ئیدئۆلۆژیکەکان هەڵ دەداتەوەو، رەخنە لەو هەوڵانە دەگرێ کە دەیانەوێ سەرنجی خەڵك لە پرسە سەرەکی‌یەکان دوور بخەنەوە، باسی مەسەلە بنەرەتی‌یەکانی ئابووریو سیاسەت دینیتە گۆرێ."**

"یۆرگن هابرماس"

زۆربەی ئەو خویندکارانەی کە ماوەیەکی دوورو دریژە لە ژیر سەرکوتو خەفەقانی نیزامی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی‌دا بوون، هاوکات لەگەڵ چینو تویژە پیشکەوتوو و پیشرەوەکانی کۆمەلگای ئیران لە جۆزەردانی ۷۶دا "نا"یکی گەورە کۆماری ئیسلامیو دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهیان رەت کردەوە. گەراکانی ئەم جوولانەوەیە پیش لە جۆزەردانی ۷۶ دانرا بوونو وەك بینیمان لە هەلبژاردنی ۷۶دا بە کردەوە خۆیان ئاشکرا کرد. لەو کاتە بە دواوە هەموو سەرنجەکان براوەتە تویژە لاوەکانی کۆمەلگاو بەتایبەت تویژی خویندکار.

بەم چەشنە بزووتنەوەیەك لە نیو خویندکاران‌دا سەری هەڵ دا و داخوازی‌گەلیك هاتنە گۆر کە رۆژ بە رۆژ پیشکەوتووترو سات بە سات رادیکاڵتر دەبوون. ئەو داخوازییانەی کە دەریان دەبرین خویندکاران دەریدەبرینو خوازیاری بە ئاکام گەیشتنی بوون لەو دیو بازنەی تواناو دەسەڵاتی ریفورمخوازە دەولەتی‌یەکانەوە بوونو بەم پێیە خەریك بوو بزووتنەوەیەکی خویندکاری ریکخراوو رەسەنو پیشکەوتوو بیتە مەیدانەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم بزاوتو هاتنە مەیدانەدا، ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە دوو بەرەی جیادا هەولی کۆنترۆل کردنی بزووتنەوەکەی دەدا. بەرەی یەکەم بریتی بوو لە قۆلی پاوانخواز کە هەولی دەدا بە کەلك وەرگرتن لە بەسیجو چەقۆکیشو گۆپاڵ بەدەستەکانی خۆی ئەم بزووتنەوەیە سەرکوت بکاو نەهیلی کە بەرەو پیشەوە بروا. قۆلەکەی دیکەش هەولی دەدا کە بە بەهیزکردنی دەستو پیوەندەکانی خۆی بزووتنەوەی خویندکاری کۆنترۆڵ بکاو بیکاتە ئامرازی ساتو سەودای سیاسی لەگەل قۆلەکەی دیکەدا.

"چەندین جار گوتوومانەو دووبارە دەیلیینەوە کە چ باوەر بکەنو چ باوەر نەکەن ئەم کۆمەلە (دەفتەری تەحکیمی وەحدەت) لەگەل ئەو هەموو ئیعترازو ناکۆکییانەدا دوایین (سووپاپی ئیتمینانی نیزامە) لە نیو وەچەی لاودا"[۱]

دەفتەری تەحکیمی وەحدەت شوورایەکە پیکهاتوو لە نوینەرانی ئەنجومەنە ئیسلامی‌یە خویندکاری‌یەکانی زانستگاکانی ولات کە لە دوای شۆرشی گەلانی ئیران لە سالی ۵۷داو بۆ بەرپەرچدانەوەی رەوتە خویندکاری‌یە سەربەخۆکان پیك هاتو ریژیم لە ماوەی ئەم سالانەدا ریگای پیکهاتنی هەر جۆرە ریکخراویکی خویندکاری کە لە دەرەوەی ئەم ئەنجومەنە ئیسلامییانەوە بێ، گرتووەو لەبەر ئەوە وەها ریکخراویك ناتوانێ نوینەری راستەقینەی خویندکاران بێ.

"بە هۆی ئەو گرفتە یاسایی‌یانەی کە لە سەر ریگای پیکهاتنو مانەوەی ریکخراوە زانستگایی‌یەکاندان، ئەنجومەنە ئیسلامی‌یە خویندکاری‌یەکان بەربلاوترین ریکخراوی زانستگایین. بەلام لەبەر ئەوەی کە ئەم ریکخراوەیە بەرنامەو پیرەویکی پر لە کەموکووریو داخراوی هەیەو هیچ چەشنە هەلومەرجیکی ئامادەکردنو پەسندکردنی بەرنامەو پیرەوی تێدا رەچاو نەکراوە، لەبەر ئەوە بەشیکی کەم لە هەلسووراوە سیاسی‌یەکانی گرتۆتە خۆ."[۲]

کردەوەو دژکردەوەی جۆراوجۆر لە دووساڵ پیش جۆزەردانی ۷۶ لە نیوان ئەم سێ رەوتەدا؛ گۆپاڵ بەدەستان، دەفتەری تەحکیمی وەحدەتو بەدەنەی خویندکاری‌دا روویان دا تا سەرەنجام لە رووداوەکانی ۱۸ی پووشپەری ۷۸دا بەتەواوی لە بەرامبەر یەك‌دا راوەستان. دوای کارەساتی دلتەزینی "کوی زانستگە"و لە کاتی خۆپیشاندانە خویندکاری‌یەکانی پووشپەری ۷۸دا واتە کاتێ کە بە سەرکوتو داپلۆسین نەیانتوانی بزووتنەوەی خویندکاری لە جوولە بخەن، نۆرەی دەستەو دایەرەی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بوو کە لەم گۆرەپانەدا خۆی پیشان بدا. دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە لایەکەوە هاودەردیی خۆی بۆ خویندکاران دەردەبریو لە لایەکی دیکەوە دەستووری لە دەسەڵاتدارانی ناو حاکمییەت وەردەگرت. ئەم گرووپە هەولی دەدا کە خویندکاران بێ‌دەنگو پاسیڤ بکاو داوای لەوان دەکرد کە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکانیان بهینن، و تەنیا لە سالۆنی داخراوی نیو زانستگەدا کۆببنەوەو نوینەرانی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت وەك نوینەری خۆیان بنیرنە خزمەتی زۆرداران‌و وەلیی فەقیه و . . .

"کارەساتی "کووی زانستگە" وەبیر دینینەوە کە لەودا دەفتەری تەحکیمی وەحدەت داوای لە خویندکاران کرد کە هیمنی بپاریزنو ئەوانی بۆ ئیعتیرازی هیمن لە شیوەی مانگرتن‌دا بۆ مزگەوتی زانستگە بانگهیشتن کرد . . ."[۳]

بەلام بەدەنەی ئاگاو وشیاری خویندکاری نەخشەی دەفتەری تەحکیمی خویندەوەو، لە کردەوەیەکی شۆرشگیرانەدا کۆمەلیك نوینەری لە زانستگا جیاجیاکانی ولات هەلبژاردو وەك نوینەرانی راستەقینەی بزووتنەوەی خویندکاری بە خویندکارانی ناساندن. وەزارەتی نیوخۆ کە سەر بە قۆلی بەناو ریفۆرمخواز بوو، بۆی دەرکەوت کە دەفتەری تەحکیمی وەحدەت توانای کۆنترۆلکردنی خویندکارانی نیەو بە پەلە رایگەیاند کە هەر کەس لە خۆپیشاندان‌دا بەشداری بکا وەك دژەشۆرش دەناسرێو بەم شیوەیە سەرکوتی خویندکاران بەدەستی بەناو ریفۆرمخوازان دەستی پێکردو لە ئاکام‌دا بووە هۆی زیندانی کردنی خویندکاران‌و بە بێ‌تاوان ناساندنی گۆپاڵ بەدەستانو سەرکوتکەران.

خویندکاران بە سەرنجدان بە تەمەنو نەبەسترانەوەیان بە چینیکی تایبەتەوە، کەسایەتی‌یەکی رادیکاڵو یۆتۆپیست (ئامانجخواز)یان هەیە. لەبەر ئەوە بزووتنەوەی خویندکاری ناتوانێ بچیتە چوارچیوەیەکی دیاریکراو و بەستراوە بە دەسەڵاتی سیاسی‌یەوەو هەمیشە وەك بزووتنەوەیەکی رەخنەگر دەمینیتەوە. هیربرت مارکۆزە، بزووتنەوە خویندکاری‌یەکان وەك ئالاهەلگری بزاوتە کۆمەلایەتی‌یەکان لە قەلەم دەداو لەسەر ئەو باوەرەیە کە بەهۆی ئەو ئالوگۆرەوە کە لە جیهانی سەرمایەداری‌دا بەدی هاتوە، پرۆلیتاریا رۆلی یەکلاکەرەوەی خۆی لە دەست داوە، کە واتە تەنیا بزووتنەوە خویندکاری‌یەکان وەك هیزی پیشرەو، ماتۆری میژووی ئەم کۆمەلگایانە وەگەر دەخەن.

دەفتەری تەحکیمی وەحدەت هەولیکی زۆری داو دەدا کە بزووتنەوەی خویندکاری بێ‌نیوەرۆك بکاو بۆ مانەوەی ریژیم بە کاریان بینێ.

". . . ئیمە وەك کۆمەلیك لە دوایین خویندکارانی وەفادار بە نیزامی کۆماری ئیسلامیو لایەنگری شۆرشی ئیسلامی گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە بۆ دوایین جارو وەك دوایین هەوڵ بۆ پاراستنی رۆحی قانوونی ئەساسیمان کە هیشتا باوەرمان پییەتی . . ."[٤]

". . . ئامانجی ئیمە بەردەوامبوونی ژیانی کۆماری ئیسلامیی ئیسلاح کراوە. . ."[٥]

لەبەر ئەوە کە تویژی خویندکار بەرژەوەندی‌یەکی ماددی بۆ لەدەستدان نیە، هەمیشە رەخنەگرو رادیکالەو لە لایەکی‌ترەوە چوونکە ئەم تویژە هەمیشە سەرلەنوێ خۆی دروست دەکاتەوەو جینشین بۆخۆی دادەنێ؛ کەسانیك دەورەی خویندکاری تەواو دەکەنو کەسانیکی دیکە دینە قۆناغی خویندکاری‌یەوە، کە واتە ئەم تویژە ناچیتە نیو ململانێ‌یەکانی دەسەڵاتو بەرژەوەندیخوازی‌یەوەو ناکریتە گۆمیکی مەنگو بێ‌شەپۆل. بوونی ئەم تایبەتمەندییانە لە بزووتنەوەی خویندکاری‌دا دەبیتە هۆی ئەوە کە هەولی لایەنە گریدراوەکان بە دەسەڵاتەوە یەك لە وان دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بۆ کۆنترۆڵ کردنو کانالیزەکردنی ئەم بزووتنەوەیە پووچەڵ بیتەوە.

لە کەشوهەوای سەرکوتگەرانەو داپلۆسینەرانەی دوای پووشپەری ۷۸دا، هیدی هیدی روخساری راستەقینەی بەناو ریفۆرمخوازان ئاشکرا بوو، و بۆ هەموان دەرکەوت کە ریفۆرمخوازی لە نیزامی چاخەکانی نیوەراستیی وەلیی فەقیهدا بیجگە لە تراویلکەیەك شتیکی دیکە نیە. تەنیا دلەخورپەی ئەم تاقمە پاراستنو مانەوەی ریژیمەو بە میتۆدی خۆیان دەیانەوێ تەمەنی کۆماری ئیسلامی دریژ بکەنەوە.

" ریفورمخوازە لیبرالەکان کە لە جەرگەی حاکمییەتدا هەڵتوقیون، ئامانجو مەبەستیان بەرهەمهینانی دووبارەی هیزو دەسەڵاتەو هیچ کاتێ ئامادە نابن کە گۆرانکاریی بنەرەتی لە دارشتی نیزامیك‌دا کە بۆخۆیان بەرهەمی ئەو نیزامەن بەدی بینن‌و بۆ پەرە ئەستاندنی سیاسی پشت بەستن بەم ریفورخوازانە ناتوانێ جیگای دلنیایی بێ. چونکە بە تیپەرینی کات، هاوسەنگیی نیوان هیزەکانی موحافەزەکارو ریفورمخواز لە نیوخۆی حاکمییەتدا دەگاتە یەك ئاستو سەرجەم نیزامەکە دەچیتە قۆناغی ئیقتیدارگەریی چەسپاوەوە."[٥]






ئەوەی کە جیگای سەرنجە، ئەوەیە کە لەم سێ سالەی دوایی‌داو پاش رووداوی پووشپەری ۷۸، ریفۆرمخوازانو پاوانخوازان بەتەواوی خەریکی دابەشکردنی هیزو دەسەڵات بوون لە نیوان خۆیان‌داو هاوکاتیش رەوتو بزووتنەوە رەسەنە جەماوەری‌یەکانیان بێ‌دەنگ کردوە. لەم نیوەدا بزووتنەوەی خویندکاری زیاتر لە هەموان وەبەر پلار کەوتوە، بە شیوەیەك کە هەندیك لە خویندکاران زیندانی کراونو کەشوهەوای ترسو تۆقاندن بالی بەسەر زانستگەکان‌دا کیشاوە.

"کاتێ سەیری کردەوەکانی مەجلیسی شەشەم دەکەین کە لافی بەرگری لە مافی هاوولاتیانو ئازادیو نەهادینەکردنی دیموکراسی لی دەدا.. . واتە کەسانیك کە یاساکانی دیموکراسی تا ئەو کات کە لە خزمەت بەرژەوەندی‌یەکانی ئەوان دا بێ، قەبووڵ دەکەنو هاوکات لەگەڵ پاوانخوازان‌دا هەولی وەلانانی بزووتنەوەی سەربەخۆی خویندکاری دەدەن."[٧]

دوای ماوەیەك ریاکاریی رەوتی پاشکۆی دەسەڵاتو دوای چەند ساڵ سەرکوت، بۆ هەموانو بەتایبەت بۆ رەوتی سەربەخۆی خویندکاری روون بۆوە کە بزووتنەوەی خویندکاری نابێو ناتوانێ بچیتە نیو هاوکیشەکانی دەسەڵاتەوەو چارەنووسی خۆی بسپیریتە دەست لایەنیکی وەك دەفتەری تەحکیمی وەحدەت.

"بیگومان بزووتنەوەی خویندکاری ریگای خۆی لە ریفۆرمخوازە حکوومەتی‌یەکان جیا کردۆتەوەو ئازادیو دادپەروەریی کردۆتە دوایین ئامانجی خۆی."[۸]

ئەرکی خویندکارانی ئازادیخوازو ئامانجخوازە کە ریگای خۆیان لە ئامانجو ویستی گرووپەکانی نیو بازنەی دەسەلات جیا بکەنەوە، ریگایەك کە دەسەلاتو بەرژەوەندی‌یەکانی دیکتاتۆریی وەلیی فەقیه لە بەرچاو ناگرێ. ئەوان دەبێ ئامانجەکانی بزووتنەوە بە چەشنیك دیاری بکەن کە ببیتە هۆی دەستەبەر کردنی ئازادی زیاتر بۆ گەلو بەرگری‌کردن لە ئامانجە راستەقینەکان کە لە سەرووی هەموویانەوە دەتوانین ئاماژە بە "دیموکراسی" بکەین.

لەم قۆناغەدا کە ریفۆرم نیوەرۆکی خۆی لەدەست داوەو ماهییەتی رەوتە ریاکارەکان بۆ هەموان روون بۆتەوە، ئەرکی سەرشانی خویندکارە ئامانجخوازو دیموکراتەکانە کە بە ریکخستنی خۆیان لە ناو گرووپە سەربەخۆکانی دەرەوەی بازنەی دەسەلات‌داو بە باوەرهینان بە وزەی بزووتنەوەی خویندکاری ببنە ماتۆری بزوینەری جوولانەوە جەماوەری‌یەکان بۆ وەدیهینانی ئامانجەکانی گەلانی ئیرانو لە نیوبردنی ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئیران.

ژیدەر:

(۱) نامەی سەرئاوەلای دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بۆ هەشتەمین کۆبوونەوەی مەجلیسی خوبرەگان، ۸۱/۶/۱۶
(۲) راگەیاندراوی ئەنجوومەنی ئیسلامیی خویندکارانی زانستگای پزیشکیی بەهەشتی بەبۆنەی دەستپیکردنەوەی سالی خویندنی ۸۲-۸۱، ۸۱/۶/۳۱
(۳) هەمان سەرچاوە
(٤) نامەی سەرئاوەلای دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بۆ هەشتەمین کۆبوونەوەی مەجلیسی خوبرەگان، ۸۱/۶/۱۶
(۵) راگەیاندراوی ئەنجوومەنی ئیسلامیی خویندکارانی زانستگای پزیشکیی بەهەشتی بەبۆنەی دەستپیکردنەوەی سالی خویندنی ۸۲-۸۱، ۸۱/۶/۳۱
(۶) واژە، ژمارەی ۶، بلاڤۆکی خویندکاری، زانستگای ئەمیر کەبیر
(۷) راگەیاندراوی ئەنجوومەنی ئیسلامیی خویندکارانی زانستگای ئەمیرکەبیر، ۸۱/۶/۱۲
(۸) هەمان سەرچاوە

# شاهروودیو ئیددیعایەکی بێجێ

خەدیجە مەعزوور



ماوەیەك لەمەوبەر بەرپرسی دەزگای قەزایی ڕێژیم مەحموود هاشمی شاهروودی لەبەشێك لەو قسانەیدا کە لەسەر دەزگا ژێردەسەڵاتەکەی خۆیدا کردنی، گوتی: "دەزگای قەزایی ئێران دادگوستەرترین دەزگای قەزایی جیهانی ئیسلامو سەرانسەری دنیایە." پاش پێداهەلگوتنێکی زۆر بەم دەزگایەو باسکردن لە پێکهێنانی تەشکیلاتێکی ئیتلاعاتیی سەربەخۆ لەنێویدا، چووە سەر مەسەلەیەکی دیکەو ڕایگەیاند بە تەمایە کەلك وەرگرتن لە ڕایەلکەی ئینترنێت لە ئێراندا کە پێشکەوتووترینو مۆدێرنترین ڕایەلکەی زانیاریی جیهانییە، بەرتەسك کاتەوە. لەو پێوەندییەدا گوتی: "ئێستکبار بەهۆی ئامێری ئینترنێتو چاپەمەنییەوە هەوڵ دەدا شوێنی خراپ لەسەر بیروڕای خەلك دابنێو بەدبینیان بکا."

ئێمە لەم وتارەدا نامانەوێ لەسەر پێکهاتنی تەشکیلاتێکی سەربەخۆ لەنێو دەزگای قەزاییو هەروەها لەسەر خودی دەزگا فاسیدو ناعادلەکەی قەزایی قسە بکەین، ئەوە باسێکی دوورو درێژە کە لەم وتارەدا ناگونجێ. هەر ئەوەندە دەڵێین کە پرستیژو ئیعتباری دەزگای قەزایی بە ئاشکراو بەردەوام لەلایەن بیروڕای گشتیی دەرەوەو ژوورەوە بەهۆی وەبەرچاو نەگرتنی ڕێوشوێنە یاساییو ئینسانییەکان کەوتۆتە ژێر ڕەخنەو گازەندەوە. گەلێك جاریش لەلایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە سەرکوتکەر ناوبراوەو مەحکووم کراوە. قازییەکی بە ئینسافو بە ئیمان لە ئێراندا لە قەزاوەت کردندا سەربەخۆ نیە، ئەگەر سەربەخۆ بێ، حەقی قەزاوەتی نیە. گشت بڕیارو حوکمەکانی دادگا دەبێ لەژێر ئەمرو چاوەدێری وەلیی فەقیهدا بن. حوکمەکانی دەزگای قەزاییش زیاتر ناتەباییان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤو تەنانەت بەندەکانی خودی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیشدا هەبووە.

لە ماوەی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا دەزگای قەزایی بە هەزاران کەسی ڕووناکبیر، نووسەر، سیاسەتزان، ڕۆژنامەنووسو خوێندکاری بێتاوان، بێ ئەوەی بتوانن پارێزەرێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن، یا لەبەرامبەر دادگادا بە ئازادیو بێترس قسە بکەنو دیفاع لە خۆیان بکەن، حوکم داوەو ئەو کەسانە یا کەوتۆنە بەر گوللەو یا زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا براوەو یا بێتاوان جەستەیان کەوتۆتە بەر ئازارو ئەشکەنجەی مەئموورانو ئەشکەنجەگەرانی زیندان، چون دەزگای قەزایی بەو وەزعەو بەو نێوەڕۆکە فاسیدو دژی ئینسانییەی کە هەیەتی دەتوانێ دادگوستەرترین دەزگای قەزایی جیهانی ئیسلامیو سەرانسەری دنیابێ؟!!و ئاغای شاهروودی ئەم ئیددیعا بێ بناغەیە چۆن دەسەلمێنێ بەتایبەت بۆ خەڵکی ئێران کە لە نزیکەوە زوڵمو بێعەدالەتیی ئەم دەزگایە دەبیننو هەستی پێ دەکەن؟

ئاغای شاهروودی بەرپرسی دەزگای قەزایی ڕێژیم، بۆچی لەگەڵ ئامێرێکی کامپیوتێری کە بۆتە بەشێك لە پێداویستییەکانیئەمرۆو ژیانی مرۆڤی ڕاحەتو ئاسان کردوەو کاتو زەمانی لای مرۆڤ بەنرخ کردوەو هەروەها بۆتە هۆی بردنە سەری زانیاریو ئاگایی، دژایەتی دەکا؟ چۆن ئامێرێکی بێگیان دەتوانێ شوێنی خراپ لەسەر مرۆڤ دابنێو بەلارییدا ببا، لەحالێکدا دەبێتەی هۆی بەرزبوونەوەی پلەی تێگەیشتنو شعووری مرۆڤ. ترسو خۆفی ئاغای شاهروودی لەوە نیە کە لە ئێراندا کەلکی خراپ لە ئینترنێت وەردەگرن یا لاوانی وڵات بەهۆی ئەم ئامێرەوە بەلارێدا دەچن، بەلکوو ئەو لەوە نیگەرانە کە ئەم ئامێرە پێشکەوتووە لەوەش زیاتر چاوو گوێی خەلك بەرامبەر بە بێعەدالەتییەکانی دەزگاکەی بکاتەوەو پتریش لەقاو بدرێ یا بە ئاسانیو بەبێ بەربەست لەگەڵ ڕووداوە گرنگەکانی دنیای دەرەوە ئاشنا دەبنو ڕووداوەکانی ئێرانیش بڵاو دەکەنەوە. دەسەڵاتبەدەستان بەو هەموو پروپاگەندەیەی کە دژی فەرهەنگی غەرب وەرییان خستوەو دەیخەن، دەبێ لانیکەم لاوانی لایەنگری بۆچوونی خۆیان واکسینە کردبێ کە لە بەرنامەکانی ئینترنێت کەلکی باش وەرگرن تا ئینترنێت شوێنی خراپ لەسەر ئەم بەشە لە لاواندا نەنێ. جیا لەوەش ئەم ئامێرە بەدەگمەن نەبێ، ئێستاش بە ئازادی لە ئیختیار هەموو کەسدا نیە. بیجگە لە "خودی"یەکان. ئاغای شاهروودی بەم هۆیە لەم ئامێرە بیانوو ناگرێ کە کەلکی خراپی لێ وەردەگیرێ، لەبەر ئەوەیە خێراتر ڕوومای ناحەزو دژی ئینسانیی دەزگاو نیهادەکانیان لەسەرانسەری دنیادا دەردەکەوێ. ئەو تەنیا لە بیری ئەوە دایە کە بە ئاسانی کردەوەکانیان لەقاو نەدرێ. دەنا بۆی گرنگ نیە ڕایەلکەی ئینترنێت لەژیانی مرۆڤدا چەندە پێویستەو چۆن پێوەندیی نێوان ئینسان، دەزگاو ئیدارەکان، شیرکەتو کۆمپانییەکان لە وڵاتو سەرانسەری جیهاندا لێك گرێ دەداو لەبواری جۆراوجۆردا بە قازانجەو یا لە چرکەیەکدا هەوالی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ لەبواری تێکنۆلۆژیو پزشکیو داهێنانە گرنگەکاندا بە تیروتەسەلی لە شیمالیترین شوێنی گۆی زەوی بۆ جنووبیترین شوێنی گویی زەوی بڵاو دەکاتەوە.

بەلێ شاهروودی لەوە دەترسێ لاوی ئێرانیی وشیارتر بێتەوەو جیاوازیو مەودای زۆری نێوان خۆیو نەتەوە بەختەوەرەکان هەست پێ بکاو لە ئاکامدا بۆ مافی خۆی هەوڵ بدا. بەڵام نازانێ هەر ئەو لاوەی کە بیەوێ وەڵامی نەفسی خۆی بداتەوەو خۆی لە ئەسیریدا ببینێ، لەهەر کەرەسەو ڕێگایەك بۆی بگونجێ کەلك وەرگرێ بۆ ئەوەی بە هەدەفو ئامانجی بگا، لەوانەیە ئەو ڕێگاو کەرەسەیە زۆر لە ڕایەلکەی ئینترنێت سەیرتربێ. کورتی کەینەوە ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە هیچ کەسو بە هیچ جۆر شێوەیەك ناتوانێ لەگەڵ تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی ئەمرۆیی بەربەرەکانی بکا، چ بگا بە جەنابی شاهروودیو لەویش زیاتر کۆماری ئیسلامیی ئێران.

# هەرجارەی تیکۆشەریك



"هاورێ ئیسماعیلی" خەلکی بۆکان، یەکێك لەو خوشکە بەڕێزانەیە کە لە ساڵی ٦٢ەوە هاتۆتە ڕیزی تێکۆشەرانی دیمۆکراتو دوای سێ مانگ تێکۆشان لە ڕیزی یەکیەتیی لاواندا، لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی حیزب خەریکی خزمەتی پیرۆزی پەرستاری دەبێو تا ئێستاش ماندوویی نەناسانەو بە گورتر لە ساڵانی پێشووش خەریکی کارو تێکۆشانە لە نەخۆشخانەی ئازادیدا. با لە وتووێژێکی کورتداو لە زمانی خۆیەوە داستانی ژیانی پێشمەرگایەتیو خەباتو تێکۆشانی خوشکە هاورێ ببیسین.

**هاتووینەتە لای یەکێك لە کۆنترین کادرەکانی نەخۆشخانەی حیزب. سەرەتا داوای لێ دەکەین خۆی بناسێنێ:**

ئەمن هاورێ ئیسماعیلی خەلکی شاری بۆکانم.

**تکایە بفەرموو سەرەتای هاتنتان بۆ نێو ڕیزی حیزبی دیمۆکرات کەیو چۆن بوو؟**

ئەمن سەرەتای ئاخری مانگی هاوینی ٦٢ هاتوومەتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە، لە سەرەتادا بۆ ماوەی سێ مانگ چوومە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، پاش ئەو سێ مانگە، بیستم کە نەخۆشخانەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پێویستی بە پەرستار هەیە، منیش پێم خۆش بوو بچم لە نەخۆشخانەی حیزبی دیمۆکراتدا کار بکەمو ئاواتەخواز بووم ئەوەندەی لە تواناندا هەیە خزمەت بە نەخۆشو بریندارەکان بکەم.

**ئەگەر دەکرێ بفەرموو یەکەمجار لە کام نەخۆشخانەرا دەستت بە کار کردن کردوە؟**

یەکەم جار لە نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ لە ناوچەی پیرانشارو سەردشت.

**لەوێ لە کام بەشدا کارتان دەکرد؟**

لە سەرەتادا چوونکە تازە هاتبوومە دەرێ هەر کارێکی پێیان سپاردبامو هەر کارێك پێویست بووبا بە گیانو بە دڵ ڕامدەپەڕاند، بۆم گرنگ نەبوو چ دەکەم، تەنیا گرنگ ئەوە بوو کە خزمەت بکەم، دیارە هەردەم شانازیم پێوە دەکرد.

**باشە ئایا پاشان وەك تەخەسوس لە بەشی تایبەتیدا دامەزران یان هەروا مانەوە؟**

دوای چەند مانگو دوای دەورەیەکی ئاموزشیی چوومە بەشی دەرمانگاو لەوێ دەستم بە کاری تەزریقاتو پانسمان کردو لە بەخشەکاندا کارم کردوە. پاشان ماوەیەك لە دیوی عەمەلدا کارم کردوەو لەگەڵ کادرەکان هاوکاریم کردوەو نزیك بەدەساڵ زیاتر هەر لەو بەشانەدا بووم. پاشان چوومە بەشی نەخۆشیی ژنانەو زایمان تا ئێستاش ئەوا چەند ساڵە لە بەشی زایمان وەك "معاون طبی" یان جێگری پزیشك خەریکی کارکردنم.

**خوشکە هاورێ وەك بیرەوەری خەباتو ژیان لە نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ ئایا بیرەوەرییەکتان هەیە کە باس لە فیداکاری خوشکانو برایانی پەرستار بکا؟**

بە داخەوە خاترەی شەهیدو بریندار هێندە زۆرە مرۆڤ نازانێ باسی کامیان بکا.

**بە دلی خۆت یەکیان هەڵبژێرە؟**

شەوێك بۆ خۆم نەخۆش بووم لە چادرەکەمدا دانیشتبووم گوێم لە دەنگی سمی ئێسترەکان بوو، زانیم هاورێیان گەرانەوە، بریندارِیان لەگەڵ بوو، یەکێك لە بریندارەکان هاواری منی دەکرد، منیش نەم دەزانی کە هاوار لە من دەکا، هەر کە هەستام چوومە دەرێ، تەماشام کرد ئەو بریندارە ئەمن دەناسێ، خەلکی بۆکان بوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا لەڕیزی حیزبدا نەماوە چونکە زەربە مەغزی ببوو، نەیتوانی بمینێتەوە، هەرکە چوومە دەرێ چاوم بە بریندارەکە کەوت زۆر زۆر نارەحەت بووم، ٢٦ شەهیدمان هەبوو، کاتێ چوومە نێو چادرەکان بریندارێکی زۆری لی کەوتبوو، دیمەنێکی زۆر ناخۆشو زۆر جاریش ئەو دیمەنانەم دیوە، بەڵام ئەو کاتی سەرەتای چوونە نەخۆشخانەم بوو، ماوەیەك لە کانی زەرد بووین بەڵام پاش ماوەیەك لەبەر تۆپ بارانو بۆمب باران چووینە کانییە ڕەشو لەوێ ماینەوە پاش ماوەیەك کە لەویش گوشارێکی زۆرمان لەسەر بوو ئەویشمان بەجێ هێشتو لە ڕێگاداو لە کاتی گواستنەوەی نەخۆشخانەدا ١٥ سەعات بەڕێوە بووین، یەکێك لە هاورێیان لە منی پرسی ئەتۆ ماندوو نەبووی لە شۆڕش، گوتم لە هەوەلی بە گوڕو تینترمو زۆر شانازی بە خۆم دەکەم کە لە ڕیزی شۆڕش دامو قەت بیرم لە ماندوو بوون نەکردۆتەوە، ئەویش پێکەنیو زۆری پێسەیر بوو کە بەو هەموو شەکەتییە، چۆن وەڵامێکی ئاوا ڕوونو ئاشکرا دەدەمەوە.

**خوشکە هاورێ ئێستا وەزعی نەخۆشخانە چۆنەو ئێوە چ دەکەن بە تایبەتی کە ٢ ڕۆژ لە حەوتوودا بۆ خەلکی ئاسایی تەرخان کراوە؟**

حەوتووی دوو ڕۆژ نەخۆشی غەیرە حیزبی دێتە ئێرە، ئەوەندەی لە تواناندا هەبێ، بێ فەرقو جیاوازی خزمەتیان دەکەمو پێیان ڕادەگەمو ئەگەر پێویست بە نەخۆشخانەکانی شاریش بکا ئەوا بەرییان دەکەین بۆ شوێنەکانی دیکە.

**زۆر سوپاس خوشکە هاورێ وەك دوایین پرسیار چ کەموکووڕییەك شك دەبەنو چ داوایەکتان لە ڕێبەرایەتی حیزب هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کەموکووڕییەکان؟**

من ئێستا ١٩ ساڵە لە ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا کار دەکەم و پێم خۆشە ئەگەر پێم کرا تا دوا پشوو سادقانە کارەکەم بکەمو زۆر باشترو زیاتریش لە پێشوو خەریکی ڕاپەڕاندنی کارەکانم بم. لەبارەی کەموکووڕییەوە بەخۆشییەوە هیچ کەموکووڕییەکمان نیەو ئەگەر کەموکووڕیش هەبێ حیزب جێبەجێی دەکا.

**زۆر سوپاس خوشکە هاورێ لە بەشداریتان لەم وتوویژەدا.**

منیش سوپاستان دەکەم بۆ ئەو هەلەی بە ئێمەتان داوو داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

**ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەموو ڕۆژێ**

**بەیانیان سەعات ٧ تا ٩**

**ئێواران سەعات ٧ تا ٩**

**بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهێرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.**

**بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەڕۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهێرتز دووپات دەبێتەوە.**

**ژمارە تەلەفونو فاکس بۆ پێوەندیگرتن بە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران**

**٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٣: تەلەفون     ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٤: فاکس**

**لە دەرەوەی وڵات یارمەتییە مالییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بدەن بەم حیسابە بانکییە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکییەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

# بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دیمۆکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 351 22 Oct 2002



بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


# خەرمان بەرەکەت

**لەگەڵ تەواو بوونی مانگی ڕەزبەردا، یەکیەتی‌یەکانی ژنان‌و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی‌یان بە چاوەڕوانیی خوێنەرانی گوڤارەکانی خۆیان ( "ژنان"، "لاوان"و "تیشک")هێناو ژمارەی تازەی ئەم گوڤارانەیان چاپ‌و بڵاوکردەوە.**

* ژمارە ٣ی گوڤاری "ژنان" وەك دوو ژمارەی ڕابردوو، لە بەرگێکی تەواو ڕەنگی‌و جوانداو بە کۆمەڵێك وتارو بابەتی سەرنجڕاکێش لە بارەی ژنانەوە، چاپ‌و بڵاوبۆتەوە. لەم ژمارەیەی "ژنان"دا "چەند قسەیەکی خۆمانە لەگەڵ خوێنەران"، "ژن لە ئاوێنەی ڕوانگەکانی دوکتور شەرەفکەندیی نەمردا"، مێزگردێك بە بەشداریی مامۆستایانی ژن‌و چەند وتارو ڕاپۆرت لە بارەی ژنانی کوردستان‌و جیهان، هەواڵ‌و ڕاپۆرتی تێکۆشان‌و چالاکی‌یەکانی یەکیەتیی ژنان بەرچاو دەکەون. "لەشفرۆشی لە ئێرانی ئیسلامی‌دا" ناوی فایلی ئەم ژمارەیەی گوڤاری "ژنان"ە. چەندین بابەتی ئەدەبییش







هەر لەو ژمارەیەدا دەبینرێن.

* ژمارە ١١ی "تیشك" (ساڵی پێنجەم، ڕەزبەری ١٣٨١) بە وتەی ژمارە: "کاك سەعید سیمای تێکۆشەرێکی نەتەوەیی‌و چەپێکی دێموکرات" (بە بۆنەی دەساڵەی شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی‌یەوە) دەستی پێ کردوە. بابەتەکانی دیکەی ئەم ژمارەیەی تیشك بریتین لە: "نەتەوایەتی‌و پۆست مۆدێرنیزم"، "کەسایەتیی کوردو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی"، "ئاوڕدانەوەیەکی گشتی بۆ سەر کێشەی نەتەوایەتی لە جیهاندا"، "جەنگە ڕۆشنبیری‌یەکان"، شەڕناسی "پۆلمۆلۆژی"و "کورد، فەرهەنگ، قۆناغی تێپەرین."

* ژمارە ١٢ی "لاوان"یش وەك ژمارەکانی ڕابردوو لە بەرگێکی تەواو ڕەنگی‌و جوانداو بەکۆمەڵێك وتارو بابەتی جۆراوجۆری پێوەندیدار بە لاوانی کوردستان، ئێران‌و جیهانەوە، خوێنەرانی بە دیداری خۆی شاد کرد. هێندێك لەو وتارو بابەتانەی لەم ژمارەیەی "لاوان"دا هەن ئەمانەن: کرانەوەی قوتابخانەکان‌و زانستگەکان، مۆتەکەی گوزینش لە کۆماری ئیسلامی‌دا، وتووێژ لەگەڵ ژمارەیەك لە تێکۆشەران‌و لاوانی دێموکرات، هەواڵ‌و ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە کارو چالاکی‌یەکانی یەکیەتیی لاوان، چەندین بابەتی ئەدەبی‌و وەرزشی.




# جیمی کارتێر، سی‌ونۆهەمین سەرکۆماری ئەمریکا، وەرگری نوبێلی ئاشتیی

جیمی کارتێر سی‌ونۆهەمین سەرکۆماری ئەمریکا، خەڵاتی نوبێلی ئاشتیی ساڵی ٢٠٠٢ی وەرگرت.

کومیتەی نوبێلی ئاشتی لە ئۆسلۆ بە نیشانەی ڕێزنان لە دەیان ساڵ هەوڵ‌و تێکۆشانی بێ‌وچانی ئاغای کارتێر لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرە ئاشتیخوازانەکان بۆ دەربازبوون لە قەیرانە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و بەرەو پێدانی دێمۆکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و پەرەپێدانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، ئەم خەڵاتەی پێشکێش بە جیمی کارتێر کرد.

کارتێر سەردەمێك بەو هۆیەوە کە بە سەرکۆمارێکی لاواز دەزانرا، ببووە گەپجارو گاڵتەی پێ‌دەکرا، بەڵام ئێستا سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی لەنێوبژێکردن بۆ چارەسەری کێشە نێونەتەوەیی‌یەکاندا، ئیعتیبارێکی تایبەتی پەیدا کردوەو بە شایانی وەرگرتنی نوبێلی ئاشتی دەزانرێ.

کارتێر ساڵی ١٩٧٧ بە سەرکۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا. بەڵام دوایە کە بۆ جاری دووهەم خۆی کاندیدای پۆستی سەرکۆماری کردەوە، دەنگی نەهێناوە. لە ساڵی ١٩٣٢ەوە، ئەو، یەکەم سەرکۆمار بوو کە لە هەڵبژاردنی دەوری دووهەمدا دەنگی نەهێنایەوە. دیارە ئەوە یەکەم ڕووداوی تاڵ‌و تێك شکێنەر نەبوو کە لە سەردەمی سەرکۆماری‌دا لەگەڵی بەرەو ڕوو بوو، جگە لە قەیرانی نەوت لە نێو خۆی وڵاتدا کە بووە هۆی ئاوسانی زۆرو بێکاریی گەورە، لە دەرەوەی وڵاتیش سیاسەتی خاریجیی ئەو کە لایەنی ئەخلاقیی هەبوو، سەرەڕای سەرەتایەکی هومێد خولقێن، لەگەڵ ناکامی بەرەو ڕوو بوو. ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی‌و دواتر بە بارمتەگیرانی ٦٦ ئەمریکایی لە سەفارەتی ئەمریکا لە تاراندا‌و هێرشی هێزەکانی شوورەوی بۆ سەر ئەفغانستان لە بیرەوەری‌یە ناخۆشەکانی بوون.




کارتێر ئێستا ئەوەندە ڕێزو ئیعتیباری پەیدا کردوە کە فیدل کاسترۆ ڕێگای پێ‌دا لە تەلەویزیۆنی کووباوە بە شێوەیەکی زیندوو و ڕاستەوخۆ قسە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە بکا، دەشیزانی کە ڕەخنە لە ڕابردووی ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ مافە مەدەنی‌یەکاندا، دەگرێ.

سەرچاوە:
B.B.C Persian

## مرواری دەریای وشە

**دەریا دور دەشاریتەوەو ئاومالك‌و کەف وەسەر دەخا، با چاوەنۆری تاریخ بین، دوا ڕۆژ هەموو شت دەر دەخا.**

هەژاری موکریانی، "بۆ کوردستان" پیشەکیی چاپی سیهەمین

**تەنیا شتیکی باش هەیە، زانایی‌و تاقە خراپەیەکیش هەیە، نەزانی!**

سوقرات

## بەر لە ماڵاوایی

# بێری، چ زوو ئەم هەمووە دراوسێیەی بۆ پەیدا بوون؟!

ع. وریا



**"بێری" یەکەم مردووی ئەم گۆڕستانە بوو.**

هەشت ساڵ لەمەوبەر کە پاش چەندین مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، تەرمی "بێری"ی جوانەمەرگی دوو منداڵی سەرو پێچکە لە پاش بەجێماومان، لەسەر ئەم گردە بە خاك سپارد، لەگەڵ خەمی نازلێشێوانی منداڵە قژ کاڵ‌و چاوشینەکانی‌دا، بیرێکی سەیر بە خۆیەوە خەریکی کردبووم. "بێری" چۆن دەتوانێ لەگەڵ ئەم تەنیایی‌یەی ئێرە هەڵ کا؟ بۆچی قورعەی بنیات نانی ئەم گۆڕستانە بە ناوی ئەوەوە دەرچوو؟ تۆ بڵێی یەکەم دراوسێکانی، ئەوانەی لەم تەنیایی‌یە دەری‌بێنن، کێ‌بن؟

ئێرە یەك لە دەیان گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. لەسەر ئەم گردەوە کە بەرەو ڕووگەی تێکۆشانی ئێمە ـ کوردستانی ئێران ـ بڕوانی، بەر لەوەی نیگات بەسەر چیای باواجی‌دا ئاودیو بێ، لە داوێنەکانی‌دا، گۆڕستانێکی دیکەی شەهیدانی ئەم حیزبە بەدی دەکەی. لەوێشەوە بەهەر لایەکدا بڕۆی تا دەگەیەوە ئەو کەل‌و باسك‌و بستوویانەی بە سنوور ناودێریان کردوون، زۆر گۆڕستانان دەبینی. گۆڕستانی هەر شارو شارۆچکەیەك لەم نێوەدا، لەشی بێ‌گیانی کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی ئێمەیان گرتۆتە ئامێز.

دوێنێ لەکاتی بەخاك سپاردنی مامۆستا مەلا ئەحمەدی خالەیی‌دا، چاوم بە گڵکۆکانی ئەم گۆڕستانەدا دەگێڕا. "بێری" چ زوو ئەو هەموو دراوسێیەی بۆ پەیدا بوون؟ هێندێك لە گڵکۆکان بێ‌کێل بوون، ئەوەندە تازە بوون هێشتا ئەو گڵەی لەسەریان کۆ کرابوونەوە، نەتەپیبوون. بە ئارامی بەنێویاندا ڕادەبردم‌و بە خێرایی نووسراوەی سەر کێلەکانیانم دەخوێندەوە. بەشێکی کەمیان بە مەرگی ئاسایی مردبوون. ئەوانە کەسانێك بوون کە لە سەردەمی لاوەتی‌یەوە وەك ئەو مامۆستایەی ئێستا دواماڵاواییمان لێ دەکرد، ڕەگەڵ کاروانی پڕلە شانازیی خەباتی گەلەکەیان کەوتبوون‌و تا دوا هەناسەی ژیانیان، بەڕێبازێك کە گرتبوویانە بەر، وەفادار مابوونەوە. نە هەڕەشەو فشاری دەسەڵاتداران لەدژی خۆیان‌و بنەماڵەو کەسوکاریان ، نە تاڵی‌و سوێریی ژیان بە هەژاری‌و دەربەدەری‌و، نە سەدان گیروگرفت‌و کەندو کۆسپی دیکەی ژیانی شۆڕشگێڕانە، نەیانتوانیبوو دەستیان پێ لە بیروباوەڕیان هەڵبگرن. ئەگەر بەخت ئەوەندە یاریان نەببوو کە زێدو وڵاتی خۆیان بە ئازادی ببیننەوەو سەرکەوتنی خەباتی حیزب‌و گەلەکەیان بەچاوی خۆیان ببینن، لە بەرامبەردا بەو چەشنە مەرگەیان، شانازی‌یەکی هەمیشەیی‌یان بۆ خۆیان کڕیبوو. بردنە سەری شەرت‌و پەیمانێك کە بە دایکی نیشتمان، بە میللەتەکەیان‌و بە هەزاران شەهیدی ڕێی ئازادی دابوویان:

**هەتاکوو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق‌و ئازادیم**
**ئەگەر بێجگە لە ناکامی نەبینم بەرهەمێکی‌تر**

☆☆☆

کێلەکان، ئەو ناوانەی لەسەریان نووسراون‌و دیمەنی خاوەنانی ئەو ناوانە بە بەرچاومدا ڕادەبرن. ئەو لە شانەی بە گوللە دابێژران‌و لێرە نێژران، زۆربەی زۆریان شەهیدی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی‌و کوژراوی دەستی بەکرێگیراوانی ئەو ڕێژیمەن. لە منداڵی چەند ساڵەی وەك "ئامانج پیرۆتە سوور"ەوە تا مرۆڤی بێ‌ئازارو "بۆخچەی نەکراوە"ی وەك "مەولانی سوارە"، لە "گیانم ڕەسوو"ی پێشمەرگەی دەنگخۆشەوە تا فەرماندەی شایی بەخۆو هەمیشە دەم بە بزەی وەك "حەمە نارستی"، لە ئەندامانی سادەو نهێنیی وەك "حوسێن باپیری‌و "جەعفەر عومەربیل"ڕا تا کادری ناسراوی ئەندامی ڕێبەریی حیزب سەید مەنسوور ناسری، لە ساڵە سەقزیی بە شیرینی ژەهراویی دەرمانداو کراو، تا غەفوور مێهدی‌زادەی لە نێو گڕی بۆمبدا سووتاو، هەر یەکەی لاپەڕێك لە دەفتەری بەخوێن نەخشاوی مێژووی حیزبی دێموکراتم وەبیر دێننەوە:

**ئێمەڕۆڵەی ڕەنگی سووری شۆڕشین**
**سەیری کەن خوێناوی‌یە ڕابردوومان**

بەو نەمرانە، ئەو شەهیدانەم بیر دەکەونەوە کە گەرچی لە هەموو کەس پتر ماف‌و بەشیان بە خاکی کوردستانەوە هەیە، بەداخەوە تەنانەت گڵکۆو گۆڕستانێکی ئاساییشیان بە نسیب نەبوو؛ یا لە قەت پاڵی چیایەکی ڕژدو ئەستەم، لە قووڵایی‌و تاریکایی ئەشکەوتێکی کوردستاندا، بە سەرەنێزەی هاوسەنگەرانیان ژێر خاك کران تا دەستی دوژمن وێیان ڕانەگاو دەریان نەهێنێتەوەو بە شارانیاندا نەگێڕێ؛ ئەو شەهیدانەم بیر دەکەونەوە کە لە بێدەنگیی نیوەشەوی زینداندا پەتیان خرایە مل، یا درانە بەر گوللەو تەرمەکانیان نەدرانەوە بە کەس‌و کاریان‌و ئێستاش ڕوون نیە چیان لێ کردوون.

☆☆☆

دڵنیام لە کورستانی ئێرانیش ئەو ڕۆژە دێ کە گڵکۆی شەهیدە بێ‌سەرو شوێنەکانمان دەدۆزرێنەوەو دەکرێن بە زیارەتگەی ئەویندارانو ئۆگرانی بیروباوەڕو ڕێبازەکەیان. ئەو ڕۆژە دێ کە "شەهیدان بە جلی سووری خوێنەوە" لە دوورەوە بۆ ئەو شوێنەی بە زیندوویی ئارەزوویان دەکرد بیکەن بە ماڵی یەکجاریی خۆیان، بگوێزرێنەوەو دایکی وەتەن بۆ ستاندنەوەی سڵاویان هەڵبستێتە سەر پێ. ئەو ڕۆژە دێ کە کاروانی سەدان‌و هەزاران کەسیی لاوان لە ڕێوڕەسمی تایبەتی‌دا لەسەر ئەو گڵکۆو گۆڕستانانە کۆ ببنەوە کە عاشقانی ئازادیی کوردو کوردستان بە ناکامی‌و بە هەزاران خوزگەو ئاواتی وەدی‌نەهاتۆوە، تێیاندا ڕاکشاون.

داخوا تا ئەو ڕۆژە مەمانان لە کام دەستە لە میوانانی گۆڕستانی نەمران دەبین؟ لە مردووەکان، ئەوانە کە پێش هەڵهاتنی خۆری ئازادی لە ئاسۆی خوێناویی ئێران‌و کوردستانی ئێران، لێرە سەر دەنێنەوە؛ یا لە زیندووەکان، ئەوانە کە لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی سەردەمی ئازادی‌و سەرکەوتن‌دا، داستانی پڕ لە سەروەریی ئەو نەمرانە بۆ لاوانی کوردستان دەگێڕنەوە؟

درۆیە گەر بڵێم حەز دەکەم لە دەستەی یەکەم‌دا بم، ناشی شارمەوە کە منیش لەوانەم ئارەزوو دەکەم ئەگەر مردم لەو جێیە بنێژرێم کە خۆم پێم خۆشە، ئەو شوێنەی لێی لە دایك بووم. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش‌دا ئەوەی لە ژیانی مرۆڤێك‌دا گرنگە، ئەو تەمەنە نیە کە تێی‌دا دەمرێ‌و ئەو شوێنە نیە کە لێی دەنێژرێ، گرنگ چۆنیەتیی ژیان‌و جۆری مردن‌و ئەو ئامانجانەیە کە مرۆڤ لە پێناویاندا دەمرێ.